# پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

ناوی کتێب: هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان لە نێوان دوو زۆن و دوو جەمسەردا
بابەت: توێژینەوەی سیاسی
ناوی نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)
هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر
دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئومێد محەمەد
چاپ:
تیراژ: 1000دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( )ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( )

توێژینەوەی جیهانی

# هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان

## لە نێوان دوو زۆن و دوو جەمسەردا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

# پێڕست

1.هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان، لە نێوان ....................................

2.پاشەکشەی کورد لە نزیکبوونەوەی جەمسەرە ناوچەییەکاندا.............

3.عیراق و کوردستان دوای داعش......................................................

4.ئێران (قوم) – سعودیە(مەککە) ململانێی شیعیزم و سوننینزم...........

5.تورکیا لە ململانێی سوریاو روسیاوە، بۆ قەیرانی عێراق و ئێران........

6.رەهەندی ململانێکانی روسیا و تورکیا............................................

7. دیموکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوە و مەزهەبدا..................................

لەنێوان ساڵانی (32015-201) هەرێمی کوردستان رووبەڕوی کۆمەڵێك قەیرانی سەخت و دژوار بۆتەوە، کە کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی هەرێم و لایەنە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان داناوە:

یەکەم:

قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، کە دواجار بڕینی بودجەی هەرێمی لێکەوتەوە.

دووەم:

شەڕی داعش و داگیرکردنی بەشێك لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان.

سێیەم:

سەرهەڵدانی جەمسەرگیری کوردستانی لە ژێر کاریگەری جەمسەرگیری سوننی و شیعی یان عەرەبی و تورکی، ئێرانی.

چوارەم:

ململانێکانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە), لەگەڵ حکومەتی ئەنکەرە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پارتی).

پێنجەم:

قەیرانی شەنگال.

**یەکەم: قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، کە دواجار بڕینی بودجەی هەرێمی لێکەوتەوە.**

دروستبوونی عێراق بەو پێکهاتە مۆزایکە، ناهۆمۆجینە هەر لە سەرەتاوە کارێکی نادروستی ئینگلیزەکان بوو، بە مەبەستی بـەرژەوەنـدی سیاسی و ئابوری. حوکمی کەمینەی سوننەش لە (1921-2003) تا روخانی بەعسی، هێندەی تر ململانێ مەزهەبی، ئیتنی و تائیفیەکانی قوڵترکردەوە. بە شێوەیەك لەو هەشتا ساڵەی حوکمی کەمینەی سوننە دەستی لە هیچ جینایەت و ئیستبداد و وەحشیگەریەك هەڵنەگرت بەرامبەر کورد و شیعە. ئەوەشی کە نەیکرد. بۆی نەکرا...! ئەم شەڕە تائیفی و ئیتنییە. لە سەردەمی بەعسدا، فۆرمێکی سیاسی لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆنی کورد و شیعەی بەخۆوە گرتبوو لە دەیەی حەفتا و هەشتاکان، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکان، فۆرمە هەقیقی و واقیعیەکەی خۆی وەرگرت کە ململانێی راستەوخۆی (شیعە-سوننە)یە، دوای (2003)ش ئەم فۆڕمە خامۆشکراوە، رووی خۆی باشتر لە هەرکات دەرخست و جینایەتی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. کە کوردیش بەشێك بوو لە قوربانیەکانی ئەو ململانێیە. تا گەیشتە سەپاندنی هەیمەنەی شیعە (جەمسەرگیری ئێرانی–شیعی) لاوازبوونی رۆڵی سوننە (جەمسەرگیری عەرەبی سوننی (سعودیی، تورکی) فۆرمی جیاوازی کورد کە خۆی لە (حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە - کە کاریگەری هـەردوو جەمسەرەکەی لەسەر بوو).

هەرچەندە روونە، کە رۆڵ و هەیمەنەی ئێرانی–شیعی بەسەر عێراقدا وا چاوەڕواندەکرا. کە کورد خۆی بە لایەنگری ئەم جەمسەرە

بزانێت، بەڵام دواجار وانەبوو، بەڵکو زۆنی سەوز و نیلی نزیکتر لە جەمسەری شیعە. زۆرنی زەرد نزیکتر لە جەمسەری سوننە دەرکەوت. ئەمەش سەرەتای قەیرانەکە بوو، کە لە نێوان بارزانی و مالیکیدا دەرکەوت، هەڵهاتنی تاریق هاشمی یەکێك لە سەرکردەکانی سوننە بۆ هەرێمی کوردستان. هێندەی تر قەیرانەکانی بەغداد-هەولێری قوڵترکردەوە. تا گەیشتە گۆڕینی مالیکی بە عەبادی و بێ چارەسەری قەیرانەکان و دواتر بڕینی بودجە. ئەوانە پەیوەندی بە دوو خاڵی سەرەکیەوە هەبوە:

**یەکەم:** نیگەرانی ئێران لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان ئەنکەرە-هەولێر کە ساڵانە دەگەیشتە (8) ملیار دۆلار. لە کاتێکدا ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوریە لە نێوان تاران-هەولێر ساڵانە تەنها (4) ملیار دۆلار بوو.

**دووەم:** فرۆشتنی نەوتی کوردستان لە رێگەی تورکیاوە، هێندەی تر ئێرانی نیگەران کرد و بەغدادیشی هێنایە سەر خەت کە گرفتی ئابوری بۆ هەرێم دروستبکات و بودجەکەشی ببڕێت و کردیشی، واتا قەیرانی نێوان بەغدا و هەولێر قەیرانی هەرێمی کوردستان و عێراق نییە، بەڵکو قەیرانی ناراستەوخۆی ئێران و هەرێمی کوردستانە بەهۆی دۆسیەی جیاواز جیاوازەوە. کە تورکیا ئەو هەنگاوانەی بەمەبەست ناوە، بۆ کاڵکردنەوەی رۆڵی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان. قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. سەرەتا زەمینەیەکی باشتری بۆ دەخالەتی زیاتری ئێران لە هاوکێشەو ئەجێنداکانی هەرێم و پەیوەست بە کورد فەرامۆشکرد و تورکیاش کەوتە بەکارهێنانی کارتەکانی خۆی.

**دووەم: شەڕی داعش و داگیرکردنی بەشێك لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان**

سەرئەنجام ململانێکانی وڵاتانی ناوچەکە. لەسەر فایلی (یەمەن، بەحرەین، سوریا، لوبنان، عێراق، رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ململانێی مەزهەبی شیعە و سوننە، دەرکەوتنی هێزەکانی "PYD - YPG - YPJ" لە رۆژئاوای کوردستان و ئاوابوونی کانتۆنەکانی رۆژئاوا وجوود و بوونی بەردەوامی «پەکەکە»، دەرهێنانی نەوتی هەرێم. بەهێزبوونی کارتی کوردەکانی باکور).

لەپاڵ ململانێکانی جەمسەرگیریە بەهێزەکەی نێوان «ئەمەریکا و خۆرئاوا، لەگەڵ روسیا و چین، لە پەیوەست بە رووداوەکانی (ئۆکرانیا، ئەفغانستان، یۆنان، بەهاری عەرەبی...)، بەڵام کاریگەرترین فاکتەر لە تێوەگلانی کورد لەو فایلە. سەرهەڵدانی داعش، شەڕی سوریا و مانەوە و نەڕووخانی رژێمی بەشار ئەسەد بوو، بە پاڵپشتی ئێران و بەهۆی دژایەتی ئەنکەرە و ریازەوە.

**ئەم رووداوگەلە نیگەرانی لای تورکیا دروستکرد:**

**یەکەم:** سەرهەڵدانی کانتۆنەکان و نزیکبوونەوەی (پەکەکە) لە سنورەکانی تورکیا، بە تایبەتی نزیکبوونەوەی پەکەکە لە تەرابلوس و گەیشتنی بە دەریا، تورکیای تەسلیم بە خواستەکانی ئەمەریکا کرد بۆ شەڕ دژی داعش و دۆزینەوەی بیانوو بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لە دەرەوەی سنورەکانی.

**دووەم:** نزیکبوونەوەی هێزەکانی پەیەدە و حکومەتی سوریا و بە پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی ئیران لە هەردوولا. هێندەی تر نیگەرانی تورکیا و سعودیەی زۆرترکرد.

**سێیەم:** پاڵپشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم کانتۆنانە. کە لای تورکیا نیگەرانی زۆری دروستکرد.

**چوارەم:** تێگەیشتنی تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەوەی کە ئەمەریکا و خۆرئاوا مەبەستیان نیە رژێمی سوریا بڕوخێنن. بەهۆی گوشارەکانی روسیاوە، لە هەمان کاتدا پێشوازی لە (ئاسیا عەبدوڵڵا و نەسرین عەبدوڵڵا) دەکرێت لە کۆشکی سپی و کۆشکی ئەلیزێ.

بۆیە وڵاتانی کەنداو بە هاوکاری تورکیا و ئـەردەن و دەزگا هەواڵگرییەکانی ناوچەکە. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)یان دروستکرد. تا دەهات پشتیوانی زۆرتریان لە داعش دەکرد. سەرئەنجام سەرهەڵدانی داعش. قەیرانەکانی نێوان هەرێم- بەغدادی کاڵکردەوە، و قەیرانەکانی شیعە-سوننەی تۆخترکردەوە. بەمەش دەخالەت و دەستێوەردانی وڵاتانی تورکیا، سعودیە و ئێرانی زیاترکرد. هەرێمی کوردستانیش بەبێ ئەوەی هیچ گرفتێکی مەزهەبی و تائیفی هەبێت. کەوتە ناو ئەم جەمسەرگیریە سیاسیە تائیفیەوە.

سەرهەڵدانی داعش و مەترسیەکانی، گەورترین هەڕەشە بوو لەسەر هەرێمی کوردستان لە دوای روخانی بەعسەوە. بەهۆی دڕندەیی ئەم هێزە سەلەفییە ئیسلامییە رادیکاڵە، بەتایبەت لە ئاراستەکردنی داعش بۆسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە. بۆیە لە سەرهەڵدانی داعشەوە تا ئێستا. داعش بە ئەندازەی کورد شەڕی هیچ لایەکی نەکردوە. مەترسی بۆسەر هیچ دەوڵەت و هێزێك هێندەی کورد دروست نەکردوە، واتا هێندەی خۆی بە نەیاری کورد دەزانێ، هێندە خۆی بە نەیاری سوریا و عێراق و شیعە نازانێت، ئەوەش بەو هەموو هێرش و قەتڵوعامەی لە شەنگال، کەرکوك، جەلەولا، کۆبانێ، جەزیرە و حەسەکە دژی هێزی

پێشمەرگە و شەڕڤانان لە ڕۆژئاوا ئەنجامیدا. کە ئامانجی داگیرکردنی خاکی کوردستان بوو بۆ تێکشکاندنی دوو ئەزمونی باشورو ڕۆژئاوا.

ئەم ئامانجە لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرێت؟ بێگومان ئەم ڕۆئیا دوژمنکارانەیە ڕێك لەگەڵ ئامانجەکانی تورکیا یەکدەگرێتەوە. پشتیوانییە زۆر و زەوەندەکانی تورکیا لە داعش ئەگەر فاکتەرێکی ململانێی ئەو وڵاتە بێت لەگەڵ ئێران لەناو عێراقدا. بەڵام فاکتەری سەرەکی شکستهێنان و ڕوخانی ئەزمونی کوردستان و کانتۆنەکانی خۆرئاوایە، چونکە تورکیا جیا لەوەی گلەیی لە (ی.ن.ك) کردوە لەسەر ئەم فایلە، نیگەرانی لە (پ.د.ك) هەیە کە سەرەڕای نەیاری (پەکەکە) و (پەیەدە)، بەڵام ناوبەناو هاوکاریکردون، وەکو کورد سەیریکردون نەك بە دڵی تورکیا. گەر ڕۆڵی ئێران بەدوای ڕوخانی بەعس لە عێراقدا سەرەتای هەیمەنەی ئێران و جەمسەرگیری شیعە بووبێت لە عێراق و ناوچەکەدا، ئەوا بە دوای سەرهەڵانی داعش، هەیمەنەی ئێران چەندجار زۆرتر و زیاتر بوو لە عێراقدا، بەوەی کە مەترسی دروستبوو لەسەر بەغداد و دڵی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە (نەجەف، کەربەلا، سامەرا، کازمیە) و یەکێك لە پایتەختەکانی شیعە.

سەرەڕای ئەوەی سەرهەڵدانی داعش. ئێرانی لەرووی سیاسی-سەربازیەوە کردە هێزی یەکەم لەسەر زەوی لە عێراق و کوردستان، چونکە ئێران یەکەم هێزی دەرەکی بوو کە چەکی دایە عێراق و هەرێمی کوردستان و سوپای پاسداران بەشداری شەڕەکانی کرد و ئەفسەری تایبەتی نارد بۆ ڕاهێنان و تەنانەت کوژراویشیاندا، بۆیە چەندە مەترسی بوو لەسەر بەغداد و سنورەکانی ئێران، هێندەش پۆزەتیڤانە ڕۆڵی ئێران و هەیمەنەی ئەوی زۆرترکرد.

ئەوە لە کاتێکدا بوو تورکیا، سعودیە و قەتەر پشتیوانی داعشیان دەکرد، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی رۆڵی سوننەکان بەهێزبکەن لە فۆرمی قوربانی دەریانبێنن، بەڵکو سوننەکان هەمیشە بە جەلادیی مانەوە لە پشتی داعشەوە و زۆربەی کارەساتەکانیش خرایە ملی ئەوانەوە. تەنانەت سوننە ئەنتی-داعشەکانیش بوونە قوربانی. سوننە جەلادەکانی پشتی داعش و تورکیا و سعودیە. بێگومان ئەوە وایکرد ئێران پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بکات، هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە جەمسەرگیریەکە، بەوپێیەی سنوری جوگرافی لەگەڵ ئێرانە، پەیوەندی لەگەڵ هێزە شیعەکانی عێراق باشە، هەرچەندە لە سەرەتای شەڕەکانی داعش (زەریفی)ی وەزیری دەرەوەی ئێران هاتە هەرێم، بارزانی راگەیاند «ئێران یەکەم وڵات بووە بۆ پشتیوانی لە هەرێم»، بەڵام دواتر نیگەرانیەکانی ئێران لە (پ.د.ك) گەیشتە ئەوەی ئێران رایبگەیەنێت گەر ئێران نەبوایە هەولێر دایگرکرابوو. ئەوەش وەکو مەسجێك بوو بۆ پارتی کە پێگەی هەیە و گلەیی هەیە.

بۆیە کاتێك باس لە رۆڵی زیاتری ئێران دەکرێت، پەیوەندی زۆرتر بەو پشتیوانییەوە هەیە لە شەڕی داعش. ئەم پشتیوانیەی ئێران بە تەنها پشتیوانی نەبوو لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو پشتیوانی بوو لە رۆژئاواش و پاڵپشتیی کانتۆنەکانی ئەو پارچەیەش رۆڵی گێڕا، چ لەبەرئەوەی نەیاری تورکیای رەقیبی بوون، چ لەبەرئەوەی ئەو هێزەن شەڕی داعش دەکەن و فشارەکانی سەر روخانی بەشار ئەسەد کەمتر دەکەنەوە. کەواتە دەخالەتی ئێران و تورکیا، وەکو یار و نەیاری هەرێم و رۆژئاوا، وەکو یار و نەیاری داعش، کوردی خستە سەر جەمسەرگیریەك کە زۆرتر لە ئێران نزیکبێتەوە.

ئەگەرچی بۆچونێك هەیە، دەڵێن ئێران دەیەوێت ئەم هەلومەرجەی کوردستان سود لێ وەربگرێت و هەمان ئەزمونی هەشتاکانی لوبنان (بەلوبنالیزە) دووبارە بکاتەوە. کە هەرچەندە ئەگەرێکی دورە، بەڵام مەترسیدار و دەبێ حسابی لەسەر بکرێت.

**سێیەم: سەرهەڵدانی جەمسەرگیری کوردستانی لە ژێر کاریگەری جەمسەرگیری «سوننی-شیعی» یان «عەرەبی و تورکی-ئێرانی»**

ئەو ململانێیانە لە زۆربەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە یەمەن درێژ دەبێتەوە تا عێراق کە کارەکتەری سەرەکی ئەم گرفتە ئێران و عەرەبستانی سعودیەن. کورد لەم ململانێیانەدا تێوەگلاوە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوەتی نەخۆی لێ رزگاربکات نە لەگەڵیدابێت، بەڵکو ئاماژەکان رایدەگەینن کە چ هەرێمی کوردستان چ باکور و رۆژئاوا، بەجۆرێك لایەنگری عەلەویەکان یان سیاسەتی ئێران دەکات، بەشێکیشیان لەگەڵ هێزە سوننەیەکانی لەو وڵاتانە و وڵاتانی کەنداو بونەتە یار و دۆستایەتیان لەگەڵ تورکیا و سعودیە هێزە سوننییەکان هەیە. بە واتایەکی تر عێراق و کوردستان بۆتە یەکێك لە مەیدانەکانی تەراتێنی سیاسەت و هێزەکانی ئەم دوو جەمسەرە. بۆ ئێران، رەنگە هەرێمی کوردستان لە دوای فەلەستین، دووهەمین جێگە و پێگە و نفوزی ناوچەکەیە کە زۆرینەی سوننیین و زۆرترین کاریگەری داناوە لە رووداوەکان و رۆڵ و دەخاڵەتی هەیە.

تورکیا و وڵاتانی سوننە. ئەگەرچی رۆڵ و دەخالەتیان زۆرە، بەڵام لایەنگرانیان چ لە عێراق چ لە سوریا کەوتنە پاشەکشە، یان بەردەوام ئەم وڵاتەیان رووبەڕووی شەڕ و گرفت و قەیران کردەوە. سوننەکانی عێراق، بەهۆی پەراوێزخستنیان و کەمڕەنگ بوونەوەیان، سەرئەنجام داعشیان لێپێکهات، کە یەکەم قوربانی ئەم دەرهاویشتەیە گەلی کورد بوو لە باشور و رۆژئاوا.

**چــوارەم: ململانێکانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەگەڵ حکومەتی ئەنکەرەو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پارتی).**

(پەکەکە) وەکو کارەکتەر و هێزێکی سیاسی کوردی کاریگەری زۆری لە باکور و رۆژئاوا هەیە. لەو ململانێیە ناوچەییانەدا، هەم بۆخۆی کاریگەری هەیە هەم کاریگەریشی لەسەرە، بەو پێیەی (پەکەکە)، دژی حکومەتی تورکیا و رۆڵ و هەژمونی ئەنکەرەیە. بۆیە ئاساییە کە لە جەمسەرگیری ئێران، شیعەدایە و سەرچاوەکان باس لە پشتگیری ئێران دەکات بۆ (پەکەکە) لە رۆژئاوا، فاکتەرێکە بۆ مانەوەی ئەسەدی دۆستی ئێران، چونە ناو ئەو ململانێیە ناوچەییانەی روویاندا، چەند رووداوێک بوون کە لە چوارچێوەی (پەکەکە) سوڕانەوە، چ هەڵبژاردنەکانی (هەدەپە)، چ کانتۆنەکانی خۆرئاوا چ بەرخۆدانی کۆبانێ چ سەرلەنوێ شەڕ و بۆردومانی تورکیا بۆسەر قەندیل. کە یەکێتی خۆی لەم هاوپەیمانێتیە دەبینێتەوە لە خەباتی باکور و رۆژئاوا.

تورکیا لە دواین هەڵوێستی خۆیدا رایگەیاند بە یەك پاکێج شەڕی تیرۆر دەکات لە نێوان (داعش و پەکەکە) و لە ناوەڕاستی ئابی 2015 دەستیکرد بە سەرلەنوێ بۆردومانی قەندیل و دواتریش کارەساتی زارگەلی خوڵقاند. ئەم مەسجە تازانەی تورکیا، هەڕەشە و مەترسی گەورەیان لێ دەخوێندرێتە و رەنگە لە بابەتی سەرلەنوێ شەڕێکی خوێناوی نێوان ئەنکەرە و قەندیل، یان تێوەگلانی پارتی لە شەڕی (پەکەکە) بەهۆی کێشە و گرفتی زۆر لە نێوانیان روو بدەن. بە تایبەتی وجودی (پەکەکە) لە شەنگال و ئاراستەی میدیایی نێوان پارتی و (پەکەکە). یان سەرلەنوێ هاوپەیمانێتی نوێی تورکیا

لەگەڵ بەرەی نوسرە بۆ دژایەتی خۆرئاوا وەکو ئەڵتەرناتیڤی داعش. هەر ئێستا سەرچاوەکان باس لە ئامادەسازیی تورکیا دەکەن بۆ بەرەی نوسرە بۆ ناردنیان بۆ شەڕی رۆژئاوا. ئەوە لە کاتێکدایە لە ماوەی رابردوو، هێزەکانی (پەیەدە) (3000) شەهیدیان داوە. سەرەڕای ئەوانە گلەیی ئەوە لەسەر پەکەکە هەیە، هێشتا وازی لە هەژمونگەری خۆی نەهێناوە بە تایبەت لە رۆژئاوای کوردستان و روداوەکانی رابردووی کێلەشین لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. یەکێك بوو لەو رووداوانە.

بۆیە دەکرێت بڵێین، (پەکەکە) لەناو ئەو جەمسەرگیرەدا شوێن دەگرێت و بەشێکە لە ململانێی تورکی-ئێرانی. راستەوخۆ چۆتە بلۆکی ئەنتی سونیەوە. تورکیا باش دەزانێت (پەکەکە) لەناو جەمسەرگیری ئێرانیدایە، بەڵام لە پاڵپشتی سیاسی، ماددی، میدیایی (ی.ن.ك) نیگەرانە بۆ باکور و رۆژئاوا و (پەکەکە). هەربۆیە ئەنکەرە یەکێك لە کاربەدەستە دبلۆماسیە پلە خوارەکانی وەزارەتی دەرەوەی دەنێرێتە سلێمانی، وەکو نیگەرانی، بەڵام بە نهێنی چەندین جار داوایکردوە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەردانی تورکیا بکات لەگەڵ ئاردۆگان دانیشتنیان هەبێت. کە چ بە پێچەوانەوە لەگەڵ پارتی، پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەسەر ئاستی بەرز، ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوە دەنێرێتە هەولێر. بەڵام روانگە و تێڕوانینی یەکێتی، هێندەی تێڕوانینێکی نیشتمانی و نەتەوەییە هێندە ئاماژە نییە بۆ پشتیوانی حزبێك لە پارچەیەك، بەڵکو پشتیوانییە لە خەباتی باکور و رۆژئاوا. کە (پەکەکە) نوێنەرایەتی دەکات.

**پێنجەم: قەیرانی شەنگال**

دوای ئەوەی رووداوەکانی 10ی حوزەیرانی 2014 لە شەنگال بووە بەرجەستەترین کۆمەڵکوژی خەڵکی سڤیل لەلایەن داعشەوە، لەو کاتەوە پەکەکە هێزەکانی گەیاندە شەنگال بۆ جێکردنەوەی پێی خۆی لەو ناوچەیە و پاراستنی کەمپی مەخمور کە چەندین ساڵە ئەم کەمپە خاڵی بە یەکەوە بەستنەوەی هەرێم، تورکیا، سوریا و عێراق بووە بۆ (پەکەکە) و کرنەوەی خولی سەربازی و کامپی راهێنان و شوێنی کۆکردنەوەی دارایی بوو بۆ قەندیل و ناردنەوەی گەریلا بووە بۆ باکور.

بەڵام لێرەوە ململانێکانی پارتی و پەکەکە دەستیپێکرد و نیگەرانی پارتی لە تەنگپێهەڵچنین پەکەکە بە ئاشکرا دیاربوو. بە تایبەت بانگەشەی بە کانتۆنکردنی شەنگال. پارتی هێنایە سەر قەناعەتی مەترسیەکە. کە گەلەکۆمەکێیەکی ئێران-پەکەکە-یەکێتی-گۆڕان حەتمییە.

ئێستاش شەنگال، خاڵێکی گرنگی ناو هاوکێشە سیاسیەکەیە، وەکو باسدەکرێت، مانەوەی شەنگال و موسڵ لە ژێر دەستی داعش پەیوەندی بە تێڕوانینی تورکیاوە هەیە. کە پێشیوایە بە رزگابوونی ئەو دوو ناوچەیە نفوزی ئێران و پەکەکە زۆرتر دەبێت. بە تایبەتی کە موسڵ هەمیشە پێگەیەکی گرنگی (پەکەکە) بووە چ لە دەورانی داعش و چ پێشداگیرکردنی لەلایەن داعشەوە. بۆیە دوو سیناریۆ هەیە لەمبارەیەوە:

**یەکەم:** بانگەشەی دوو ئیدارەیی کە خراپترین ئەگەر و ئەڵتەرناتیڤە و ماوەیەکە هەندێك لە هێزەکان بانگەشەی بۆ

دەکەن وەکو کارتی فشار، ئەمە ئەگەرچی کارتێکی گوشاری سیاسی نێگەتیڤە، بەڵام مانای ئەوە نییە لە ئێستادا یان لە لەگەڵ هەر قەیرانێکی داهاتوودا ئەگەری دروستبوون و سەرهەڵدانی نەکرێت یان نەبێت، بە تایبەتی وڵاتانی ناوچەکە داینەمۆی سەرەکی ئەم فۆرمەن بە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو زۆنی جیاواز. وەکو چۆن هەرێمیان دابەشکردۆتە سەر دوو جەمسەرگیری سیاسی، تائیفی. بۆیە لەم بابەتەدا قسەکردن لە دروستبوونی دوو زۆنی جیاواز لە هەرێمی کوردستان. مانای پشتگیری نییە لەم فۆرمە یان هاندان نییە بۆ دروستکردنی، بەڵکو گریمانەیەکە و هەڵسەنگاندنی پشت ئەم گریمانەیە، چونکە نەك هەرێمی کوردستان نموونەی پێشینەی هەیە، بەڵکو لە فەلەستین لە نێوان فەتح و حەماس و لە لوبنان لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان روویداوە هێندەی پەیوەندی بە مەسەلەکانی دەستورەوە هەیە، دوو هێندە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئێران، پەکەکە و یەکێتی دەوریان نەبێت لە رزگاربوونی ئەو دوو ناوچەیە و لە حاڵەتی دوو ئیدارەیشدا یان دەبێت هێزەکانی یەکێتی و پەکەکە پاشەکشە بکەن، یان توشی شەڕێکی ناوخۆیی ببنەوە لەگەڵ پارتی.

**دووەم:** تورکیا هێشتا چاوی لە موسڵە، وەکو ویلایەتی عوسمانی. بۆیە ئەنکەرە پێیوایە دەتوانێت بەشەڕ یان تاکتیك پاشەکشە بە داعش بکات و لەگەڵ هەندێك هێزی تر بچنە ناوی و دواتر تورکیا دەستبگرێت بەسەر موسڵدا. وەکو چۆن ساڵی 1974 ئەوکارەی لەگەڵ قوبرس کرد و داگیریکرد.

**ئەنکەرە:** نیگەرانیەکاتی ئێران باش تێدەگات لەم حاڵەتەدا، بەڵام

ڕەنگە بیانوی تورکیا پاراستنی سوننەکان و ئەگەرەکانی دابەشبوونی عێراق بێت. تورکیا ئەوەشی نەشاردۆتەوە... کە ئێران، ناڕاستەوخۆ دەستیگرتووە بەسەر بەغدا و نەجەف و کەربەلادا. بۆیە ڕەنگە داگیرکردنی موسڵ بە مافی خۆی بزانێت. ئەوکاتە سیناریۆکانی قوبرس، یان بە «بەڵکانەکردن» یان «لوبنانیزەکردنی» عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێتە دیفاکتۆ. خاڵێکی تری گرنگ کە سەرنجی تورکیا رادەکێشێت، بەڵام دوای سەرهەڵدانی داعش، ئەوەیە کە ناوچە جێ ناکۆکەکانی هەرێمی کوردستان زۆرینەیان کەوتونەتە دەست یەکێتی، بە تایبەتی کەرکوك، کە پارتی بەمەش نیگەرانە، ئەم خاڵە تورکیای هێناوەتە سەر قەناعەت کە کەرکوك هی کوردە و بەدەست یەکێتییەوە دەمێنێتەوە پێگە و نفوزی گەورەشی هەیە لەناو خەڵکی کەرکوکدا و دواین هەڵبژاردنیش دەریخست کە یەکێتی شەش کورسی و پارتی یەك کورسی هێناوە. بەم پێیە بێت یەکێتی دەبێتە خاوەنی زۆرترین نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان و دەتوانێت لەگەڵ عێراق بە ئاسانی ڕێککبکەوێت بۆ فرۆشتنی، یان لە ڕێگەی ئێرانەوە نەوتەکەی ساغ بکاتەوە. واتا لە ئەگەری دوو ئیدارەیی (کە کارێکی زۆر خراپە)، ئەمجارە یەکێتی چەند هێندەی سەردەمی پێشوویی دوو ئیدارەیی ڕۆڵی دەبێت و ئیبراهیم خەلیل ئیتر نابێتە سەرچاوەی داهاتی زل و زەبەلاح، بەڵکو پێگە نەوتیەکانی (کەرکوك، قەرەداغ، بازیان، کۆیە، تەقتەق، هەڵەبجە، شوان، سەنگاو و سلێمانی) چەند هێندەی نەوتی زۆنی زەردە.

سەرەڕای ئەوانە زۆنی (سەوز و نیلی) پەیوەندییەکی ئاسایی و نۆرماڵی لەگەڵ عێراقدا هەیە. سەرۆك کۆمار لە بەشی یەکێتییە،

عێراق وەکو دەروازەیەکی گرنگ لەپاڵ ئێراندا دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. فرۆکەخانەی سلێمانی، لە داهاتووشدا هی هەڵەبجە دەبنە ئەڵتەرناتیڤی قەیرانەکانی پێشووی خاك یان هۆکاری گواستنەوە.

لەرووی سیاسیشەوە چوار هێزە سەرەکییەکەی کوردستان، بە تایبەتی یەکێتی و گۆڕان لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوو دەتوانن نموونەیەکی زۆنی سەوز دروستبکەن، کە لانی کەم لە بواری ئازادی راگەیاندن و عەقیدە و ئازادی میدیا و ئەحزابی سیاسی و هەڵبژاردنەوە جیاوازبێت لە زۆنی زەرد. ئەگەرچی دراوسێی زۆنی زەرد (تورکیا) تا دراوسێی زۆنی سەوز (ئێران) دیموکراسی زۆرتر تێدایە، کە ئەمەش وەکو خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ زۆنی زەرد لەگەڵ هاوپەیمانەکەی لێکدەدرێتەوە، سەرەڕای نزیکبوونی تورکیا لە ئەمەریکا و خۆرئاوا و ئیسرائیل کە ئەمەش فاکتێکی گرنگە.

بەڵام لە حاڵەت و گریمانەی دوو ئیدارەییدا زۆنی (سەوز، نیلی) تاکە نەیار یان رکابەر کە هەیانە پارتییە بەعەلەنی. ئەگەر نا وڵاتانی ناوچەکە، نەیاری زۆنی سەوز و زەردن، وەکو چۆن نەیاری حکومەتی هەرێمن، لە خراپترین حاڵیشدا لەسەر دژایەتی ئەزمونی هەرێم بێ کێشەن، بەڵام زۆنی زەرد سەرەڕای نەیار و رکەبەری عەلەنی کە یەکێتی و گۆڕانن، دوو نەیاری تری هەیە. یەکەم یەکگرتووی ئیسلامییە، کە بەردەوام پارتی بە بوونیان نیگەرانە و لە هەڵبژاردنەکاندا هێزی یەکەمی دوای پارتین و ململانێیەکی سەخت و خوێناوی لە نێوانیاندا هەیە، واتا نەیارێکی مەدەنی و بێ چەکە. کە دەکەوێتە ئەوسەری زۆنی زەرد و هاوسێی تورکیای ئێخوانی، دۆستی هەرێمی زەرد.

نەیاری بەهێزی دووەمی زۆنی زەرد (پەکەکە)یە، کە ئەگەری شەڕێکی سەخت دەکرێت لە نێوانیاندا، ئەگەر چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی نێوانیان نەکرێت، چونکە جگە لەوەی (پەکەکە) بۆتە دۆستی پلە یەك لە میحوەری زۆنی سەوز و نیلی لە هەمانکاتدا، لەگەڵ پارتی لەسەر سێ خاڵی گرنگ ململانێیانە کە پێناچێت بگەنە ئەنجام:

**یەکەم:** پاڵپشتی تورکیا لە پارتی و نزیکبوونەوەی پارتی لە ئەکەپە بەتایبەت بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان.

**دووەم:** دەستتێوەردانی بەردەوامی پارتی لە کاروباری کانتۆنەکانی خۆرئاوا و پاڵپشتی لە بەرەی (ئەنەکەسە) کە (پەکەکە) بە دوژمنی خەباتی رۆژئاوایان دەزانێت.

**سێیەم:** داڵدەدانی نەیارانی ناوخۆی پەکەکە لەلایەن پارتی، وەکو (بۆتان، خەلیل ئاتاج، فەرهاد، بریار گابار) سەرپەرشتیکردن و مەشقپێکردن و چەکدارکردنی لایەنگرانی ئەنەکەسە، تەواو پەکەکەی نیگەران کردووە، زۆریش تورەیە لەم داڵدەدانە و بە پیلانێکی دژی شۆڕش و پەکەکەی دەزانن. تەنانەت گومانی لەوە هەیە تورکیا خەرجی ئەو مەشق و راهێنانە بکات بۆ دژایەتی پەیەدە لە رۆژئاوا. بۆیە گریمانەکانی شەڕ لە نێوان (پەکەکە) و زۆنی زەرد لەسەر ئاستی شەڕی چەکداری ئەگەرێکە، لە لایەکی ترەوە شەڕی مەدەنی و هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو لەگەڵ زۆنی زەرددا بەردەوامە. واتا ئەو گریمانەیە زۆر بەهێزترە لە گریمانە و ئەگەری شەڕ لە نێوان زۆنی (سەوز و نیلی) لەگەڵ زۆنی (زەرد).

## پاشەکشەی کورد
## لە نزیکبوونەوەی جەمسەرە ناوچەییەکاندا

وردە وردە داعش خەریکە لەو سنورە جوگرافییە پاشەکشە دەکات کە پێیدەوترێت عێراق و سوریا، کۆبونەوە نهێنییەکانی ئەمەریکا، حکومەتی هەرێم و بەغدا لە ناوەڕاستی ئابی 2016 لە کەرکوك بۆ ئەو مەبەستە، ئاماژەیەکی گرنگن بۆ پێداگری لەسەر کۆتایهێنان بە داعش لە موسڵ.

سەردانەکەی زەریفی و کۆبونەوە لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی لە ئەنکەرە، سەردانی چاوش ئۆغلۆ بۆ تاران، سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ مۆسکۆ و دیدارەکانی لەگەڵ پۆتین، پاش گرژی و ئاڵۆزیی نێوانیان بەهۆی قەیرانی سوریاوە، ئاماژەیەکی ترە بۆ شکستی سیاسەتەکانی تورکیا و چونەوە سەر ئەو تێزەی، کە دەبێت ئەنکەرە ملبدات بۆ دەستهەڵگرتن لە داعش و دەرکردنی روخانی ئەسەد لە خەیاڵی خۆی، تورکیا، پاش کودەتای وڵاتەکەی و پێشڕەوییەکانی یەپەگە و یەپەژە لە مەنبج و پەلامارەکانی پەکەکە بۆ سەر تورکیا ئەم هەنگاوانەی ناوە.

دانیشتە نهێنیەکانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، لە جەزائیر دوبارەکردنەوەی سیناریۆکانی 1974، بەڵام ئەو لە سەردەمی (هەواری بومیدن) و 2016 لە سەردەستی (عەبدولعەزیز بوتەفلیقە)، سەبارەت بە راگرتنی پێشچوونەکانی حکومەتی فیدڕاڵی خۆرئاوا، پەراوێزخستنی پەکەکە، سنوردانان بۆ ئەگەری دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و کەیسی نەوت.

پەلامارەکانی ناوەڕاستی ئابی 2016 بۆ سەر حەسەکە لە رۆژئاوا لەلایەن سوپای سوریا، حزبوڵڵای لوبنان و بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر جەرابلوس و داوای جۆ بایدن بۆ پاشەکشەی هێزەکانی سوریای

دیموکرات لە مەنبج، ئاماژەیەکە بۆ دەرکەوتنی سەرەتای ئەو هەڕەشانە و جێبەجێکردنی ئەجێندای (چوار قوڵی) و پراکتیزەکردنی، کە سەرەتاکەی دژی رۆژئاوایە.

بۆردومانکردنی حەسەکە، ئاماژەیەکە بۆ ئەو مەسجەی تاران و دیمەشق دەیدەنە ئەنکەرە بەوەی لێرەوە فشارەکان بۆ سەر پەیەدە دەستپێدەکات و وردە وردە دەگاتە عەفرین، کۆبانی و جەزیرە، لەژێر ناو و سیناریۆی جیاواز جیاوازدا...! هەربۆیە لە کۆتایی ئابی 2016 موراد قەرەیەلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە لە مەراسیمی چەکدارکردنی پۆلێك گەریلا رایگەیاند: وەک پژاك و پەکەکە بڕیارمانداوە هێرشەکانمان دژی ئێران دەستپێبکەینەوە لەبەرامبەر ئەو رۆڵەی ئێران لە دژی رۆژئاوا دەیگێڕێت (مەبەستی شەڕەکانی شاری حەسەکەیە). چونکە ئەنکەرە، تاکە مەرجی ناو کۆبونەوە چوار قۆڵییەکانی دەستهەڵگرتنی دیمەشق، تاران، مۆسکۆیە لە پشتیوانی فیدراڵی خۆرئاوا و هێزەکانی پەیەدە و تەنانەت پەکەکەش.

ئەم داوایەی ئەنکەرە کارێکی قورس نییە، هەرچەندە شەرم ئامێزە، بەڵام ئەسەد پەنا بۆ هەموو کارتەکان و تەنانەت شەیتانیش دەبات بۆ رزگاربوونی لە رووخان، جا ئەگەر ئەو کارتە گرەو بێت لەسەر کورد ئاسانترینە، باس لە کۆبونەوەی نهێنی نێوان ئەسەد و ئەردۆگان دەکرێت و سەردانی موعەلیم بۆ عێراق بەشێکی تری سیناریۆکانە.

کەواتە دەردەکەوێت خاڵی نەکەوتن و هێشتنەوەی ئەسەد، لێدانە لە کورد، وەك چۆن خاڵی کۆتاییهاتنی داعش و پشتکردنە سوپای ئازادی سوریا، ئیمزاکردنی ئەردۆگانە بۆ ئەو دوو مەرجە و سەردانەکەی (هاکان فیدان)ی راوێژکاری دەزگای میت بۆ سوریا لەدوای 2011 ئاماژەیەکی تری ئەو مەسجەیە، کە تورکیا دەستی لەو فایلە بەرداوە.

بۆ ئێرانیش مانەوەی ئەسەد، کە دەکاتە بەردەوامی هێڵی تەماس و ستراتیژی شیعە لە تاران بۆ بەغدا، لەوێوە بۆ دیمەشق تا دەگاتە بەیروت و سنورەکانی ئیسرائیل و بەستنەوەی بە سەنعا و حوسییەکان لە رێگەی دەریاوە، واتا پێکەوەبەستنی ئەو پێنج پایتەختەی، کە هەمیشە ئێرانییەکان بە هەژمون و نفوزی خۆیانی دەزانن، کارتێکە دەکرێت ئێران پەیەدە و یەکێتی و پارتی و هەردوو حکومەتی خۆرئاوا و باشوریی بۆ بکاتە قوربانی.

تاران و ئەنکەرە، هەرگیز ئەمەیان نەدەخواست کە روویدا. نە ئەنکەرە، نە تاران نەیاندەویست و چاوەڕوانیش نەبوون کورد لە رۆژئاوا و باکور و بگرە باشوریش هێندە پێشبکەوێت، بەڵام کاتێ رەوشەکە تێکچوو، گەمەکە لە دەست ئەنکەرە و تاران دەرچوو لە چوارچێوەیەکی ناوچەییەوە، بووە نێودەوڵەتی.

واشنتۆن و مۆسکۆ دەستوەردانیان کرد و هاوکێشەکە لە دەست ئە دوو وڵاتە ناوچەییە دەرچوو، بەشێوەیەك ململانێکان هێندە توندبوو، تاران و ئەنکەرە خۆیان بەشێکی گەورە بوون لە یارمەتی کورد (یان هێزە کوردییەکان)، یەکێکیان بۆ خستنی ئەسەد و ئەوی تریان بۆ مانەوەی.

ئاشکرایە لە ململانێکانی سوریادا، هەریەکە لە تاران، دیمەشق، بەغدا (بلۆکی ناوچەیی) کەوتنە پشتگیری لە پەکەکە و قەندیل، واتا لە پەیەدە و هێزەکانی یەپەگە، یەپەژە و هێزەکانی سوریای دیموکرات، چ لە بواری پێدانی چەك و کەلوپەلی سەربازی، چ لە بواری رێگەدان بە فرۆشتنی نەوت و یارمەتی دارایی و پزیشکی.

تەنانەت قاسم سلێمانی وتویەتی: بۆ پەیەدە، تەنها جارێك چەند کەتیبەیەکی تۆپخانەمان پێداون لەگەڵ دەیان جاری تر هاوکاری، لە بەرامبەردا جارێك تەنها داوایەکمان هەبووە لێیان، داگرتنی وێنەکانی ئۆجەلان لە بارەگاکانیان، بەڵام ئەوەشیان بە قسە نەکردوین.

سەردانی وەفدەکانی پەکەکە و پەیەدە بۆ بەغداش هەر لەو پەیوەندیەدابوو لەو کاتانەدا. هەر ئەو وڵاتانە بەتایبەتی تاران و بەغدا، لە باشوریش پشتیوانی سەرەکی یەکێتی بوون و بەتایبەتی لە شەڕەکانی داعش.

لەلایەکی ترەوە ئەنکەرەو هاوپەیمانەکانی کەوتنە هاوکاری پارتی وەکو هاوپەیمانی خۆیان، بەتایبەتی لە بواری سەربازی، نەوت و دژایەتیکردنی پارتی بۆ رۆژئاوا و فیدراڵی خۆرئاوا لە داخستنی سنورەکان و پشتیوانی ئەنەکەسە و سوپای ئازادی سوریا و هەڵکشانی کێرڤی کێشەکانی نێوانیان لەگەڵ پەکەکە. بەتایبەتی لە شەنگال و قەندیل، بەشێکبوو لەو ململانێیەی کە کورد (هێزە کوردییەکان) بەشێکبوون، بەڵام ئەنکەرە و تاران ئیدارەیان دەدا و سودیان لە کارتی ئەو هێزە کوردییانە وەرگرت لە رۆژئاوا و باکور و باشور.

سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا، بەشێکی مەبەستی ئەنکەرەیە بۆ ئەوەی بارزانی، یان حکومەتی هەرێم ببنە بەشێك لە سیناریۆکانی، کە بێگومان هەموو ئەجێنداکانی تورکیا لە ئەلفەوە بۆ یێ دژی کورد و بەتایبەتی پەکەکە و خۆرئاوایە، واتا هەموو دۆسیێیەك کە تورکیا دەستی بۆ دەبات دەچێتەوە سەر تیرۆر، کە خۆی لە پەکەکەدا کورت دەکاتەوە.

گەر دیقەت بدەین، ساتی بانگهێشتی بارزانی هاوکاتە لەگەڵ هێرشی سوریا بۆ سەر حەسەکە، هێرشی تورکیا بۆ سەر جەرابلوس، گوشاری ئەمەریکا و جۆ بایدن بۆ کشانەوە لە مەنبج.

بۆیە تورکیا بانگهێشتەکەی بارزانی پێشخست، تا پێش ئێران مەسجی خۆی بگەیەنێت و بڵێ «سەردانەکە هاوکاتی باشبوونی پەیوەندییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریایە»، ئەنکەرە لەسەردانەکەدا جگەلەوەی داوای داخستنی خوێندنگا و زانکۆکانی سەر بە گوللەن دەکات لە

هەرێمی کوردستان و نیگەرانە لە هاتوچۆی سەرکردەکانی پەکەکە لە فرۆکەخانەکانی کوردستانەوە، داواشی لە بارزانی کردووە، کە پەکەکە بەشداری شەڕی موسڵ نەکات.

بۆیە تورکیا بەمەبەست ئەم سەردانەی بۆ بارزانی ڕێکخستووە، بەڵام لە کورتترین خاڵدا، ئەنکەرە دەیەوێت دژی پەکەکە و خۆرئاوا حکومەتی هەرێم، یان بارزانی بەشدار بێت، کە جارێ دیار نییە ئەو خواستانەی ئەنکەرە لەلایەن بارزانییەوە ڕەتدەکرێتەوە، یان بەشدار دەبێت، بەڵام سادە و ساکارە لەوە تێبگەین، کە تورکیا ڕێگا نادات بارزانی و کوردیش، لەم چوار پارچەیە هیچ بێت و هیچ دەستکەوت و سەرکەوتنێك بەدەست بێنێت، هەرچی بۆی بکرێت دەیکات گەر دژی بارزانیش بێت، هاندە فورات ڕۆژنامەنوسی تورك دەڵێ «بارزانی و یەلدرم باسی تیرۆریانکردووە و راوێژیان کردووە، کە دیارە تیرۆر مەبەست پەکەکەیە؟».

بەم دواییانەش ئەنکەرە و سعودیە لە دژی تاران پەنایان بردە بەر کورد (هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵات)، بۆ پشتیوانی لە پێشمەگەکانی «حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» لە ناوچەکانی کوردستان، «بزوتنەوەی عەدل» لە بلوجستان و تەنانەت «سازمانی موجاهیدنی خەلقی ئێران»، تارادەیەکیش کاریگەری لەسەر تاران دانابوو.

تەنانەت باس لەوەش دەکرێت، هەموو سیناریۆکانی ئەنکەرە و ریاز دژی تاران لەگەڵ حزبی دیموکرات، بزووتنەوەی عەدل و موجاهیدنی خەلق لە ڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە جێبەجێکراوە.

هەرچەند مستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکرات، ئەو سیناریۆنانە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام نایشارێتەوە کاریگەری زۆری هەبووە و ئەمەریکیەکان زوو زوو دەچنە کۆیە، هیجری دەڵێ «خۆ گەر

یارمەتیمان بدەن کارێکی باشە، تەنانەت گەر ئیسرائیل هاوکاریمان بکات وەریدەگرین»، هیجری ئەوەشی وتووە: «لە داهاتوودا ئاڵوگۆڕی گەورە روودەدات».

بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەم سیناریۆیانە تارانیان ترساند و شڵەژاوی زۆریشی پێوە دیاربوو، چونکە قسەکانی تورکی فەیسەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگری پێشووی عەرەبستان لە کۆنگرەی ئازادی ئێرانی، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە حوزەیرانی 2016 لە پاریس، ئاماژەیەکی جدی بوون بۆ پشتیوانی لە موجاهیدین و هێزەکانی تر و هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات، ئاماژەبوون بۆ شڵەژانی تاران.

تەنانەت باس لەوەش دەکرێت لە سەردانەکانی ئەم دواییەی دکتۆر بەرهەم ساڵح و وەفدەکەی و سەردانی وەفدی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاران، هێرشەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بە جدی وەرگرتووە و بەدەستی دەرەکی زانیوە و لەوەش نیگەران بووە، کە گوایە پارتی لەسەر داوای سعودیە رازیبووە، کە بارەگاکانی سازمانی موجاهیدینی خەلق بگوازێتەوە بۆ هەولێر. تاران ئەمەی بە خەتی سوور و قابیلی قبوڵنەکردن ناوبردووە.

بەڵام ئێستا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئایا پارتی دەبێت لە چوارچێوەی سیناریۆکانی تورکیا بجوڵێتەوە نەك سعودیە؟ بەم شێوەیە کە ئەنکەرە بڕیاریداوە دەست لە پشتیوانی داعش و سوپای سوریای ئازاد هەڵگرێت دژی سوریا و ئێران و عێراق، کەواتە دەبێت پارتیش دەست لەو سیناریۆیانە هەڵبگرێت و ئیتر یەکێتی نابێتە هێڵی تەماسی ئێران-پەیەدە-پەکەکە.

ئیتر پەکەکە و پەیەدە ئەو کارتە گرنگە نابن بە دەست ئێران و سوریا و عێراقەوە، بەڵکو وردە وردە دەکەونە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە.

بە واتایەکی تر وەکو باسمکرد، ئەنکەرە لە بەرامبەر چی دەست لە پشتگیری داعش، رووخانی ئەسەد و سوپای ئازاد هەڵدەگرێت؟ لەبەرامبەر دەستهەڵگرتنی ئێران لە پشتیوانی پەکەکە و پەیەدە و فیدراڵی خۆرئاوا و لەبەرامبەر دەستهەڵگرتنی تاران لە پشتیوانی یەکێتی.

واتا بەشار ئەسەد دەمێنێتەوە، فیدراڵی خۆرئاوا گەمارۆ دەدرێت و دەخرێتەوە چوارچێوەی سوریا، رۆڵی پەکەکە دەستکورتتر دەکرێتەوە لە شەنگال، سنورەکانی هەر چوار دەوڵەت سەختر دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەکێتی و پارتی دەخرێنەوە چوارچێوەی عێراق و ئیمتیاز و لامەرکەزیەکەتەی بچوکتر دەکرێتەوە، حزبی دیموکرات و موجاهیدنی خەلق و بزووتنەوەی عەدل دەبێت بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، واتا (هەموو کارتە بەکارهێنراوەکانی کورد لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بۆ ماوەیەك بە عەلاگەی چاوەڕوانی بەرژەوەندییەکانەوە هەڵدەواسرێت، خۆ ئەگەر هەموو لایەك رێککەوتنەکانیان قبوڵکرد و بەرژەوەندییەکانی یەکتریان پاراست، وردە وردە کورد (هێزە کوردییەکان) پەراوێزتر دەخرێن، تاڕادەی مەترسی جدی کە یەکەمجار لە ناوبردنی کانتۆنەکانی خۆرئاوایە.

لەم نێوەدا بۆ ئەم کارە (لەناوبردنی فیدراڵی خۆرئاوا) سیناریۆکانی دەبێ ئاوا بن، سوریا بەهێز دەکرێتەوە و هەوڵدەدات رۆژئاوا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، کە بێگومان بەهێزی سەربازی و دەستتێوەردانی تورکیا و فشاری روسیا و ئەمەریکاش، ئەوکاتە ئێران نەك پشتیوانی لە پەیەدە ناکات، بەڵکو پاڵپشتی ئەسەد دەکات. ئەنکەرە سنورەکانی دادەخات و سوپای سوریای ئازاد و هێزەکانی تر ئاراستەی شەڕیان دەگۆڕێت بە دژی پەیەدە، عێراقیش وردە وردە سنورەکانی دادەخات بەرووی رۆژئاوادا، دواتر داوای دەرچوونی هێزی پێشمەرگە دەکەن، لە کەرکوك و ناوچە جێ ناکۆکەکان و رادەستکردنی نەوت و ئەگەری گێمێکی تری شەڕی نێوان

کورد و عێراق و گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر و دوریش نییە نزیکبوونەوەی تورکیا و ئێران، نزیکبوونەوەی شیعە و سوننەشی لێبکەوێتەوە، ئەوەی جێگەی مەترسییە، ئەوەیە کە ئەو کارە بێ پارتی دیموکراتی کوردستان ناکرێت بەهۆی سنورەکانی رۆژئاواوە، بۆیە رەنگە پارتی بە پشتگیری لە ئەنەکەسە، ببێتە بەشێك لەو بلۆك بەندییە بە دژی خۆرئاوا، تەنانەت شەڕی پەیەدەش بکات، یان لانیکەم رەنگە ئەنەکەسە کارتێکی بەهێزی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ بێت، کە ئەنەکەسە رۆڵی کۆنترا گەریلا بگێڕێت بە پشتیوانی لایەنەکان، چونکە سەرەڕای بێهێزبوونی کارتەکانی کورد، بەڵام تورکیا هێشتا پێویستی بە چەند لایەنێکی کوردی هەیە، بەتایبەت لە مەسەلەی نەوت، تا کاتێکی نادیار، یان لانیکەم لەبەرئەوەی پارتی بەئاسایی دژی پەیەدە و حوکمی تاك لایەنەی پەیەدەیە و ناکۆکی قوڵیشیان لەگەڵ پەکەکە و یەبەسە هەیە.

هەرچەندە خاڵی ناکۆکی تورکیا-ئێران بریتییە لە (پارتی)، وەك چۆن خاڵی ناکۆکی ئێران-تورکیا (یەکێتی)یە، بەڵام خاڵی ناکۆکی ئێران-تورکیا بەگشتی (یەکێتی، پەکەکە، پەیەدە)یە.

ئەو بازنەیە کە ناوی یەکێتی هێزە کوردییەکانە، یان نزیکی هێزە نیشتمانییەکانە، چونکە ئەو جەمسەرەی کە پێکدێت لە یەکێتی، پەکەکە، پەیەدە، هەدەپە و گۆڕان و حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەکان، جەمسەرێکی تـەواو نیشتمانی و کوردستانییە، تێڕوانینی زۆرتر لەگەڵ کاری هاوبەش و پشتیوانی هێزەکانە، کە پارتی لە دەرەوە ئەم جەمسەربەندییە، بۆیە لە رۆژئاوا هەست بە مەترسی جدی دەکرێت، لە بەشداری پارتی لەو سیناریۆیانە.

بەهۆی هەستکردن بە مەترسی و هەڕەشەی وڵاتانی ناوچەیی و سیناریۆی مەترسیدار، ئەم جەمسەرە ئێستا خەریکی بەرنامە رێژییە

بۆ دروستکردنی (ئەنجومەنێکی سەربازی کوردستانی) لەنێوان هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، وەستا رەسوڵ یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی، کە دوو ساڵە سەرپەرشتی میحوەرێکی شەڕی داعش دەکات، نایشارێتەوە کە کار بۆ دروستکردنی ئەو ئەنجومەنە سەربازییە دەکەن.

بۆ عێراقیش پێموایە پارتی لە پێش یەکێتی، ئامادەیە بچێتەوە ناو چوارچێوەی عێراق، ئیتر سەردەمی بانگەشەی سیاسی و سەربەخۆیی کوردستانیش تەواو دەبێت.

بەم شێوەیە وەکو چۆن لەگەڵ کێشە و گرفت و ململانێکانی وڵاتانی ناوچەیی و هەلومەرجیی بابەتی کورد و پارچەکانی کوردستان گەشەیانکرد و دەستکەوتی باشیان بەدەستهێنا، بەتایبەت لە رۆژئاوا و باشور، پێچەوانەکەشی راستە، کە نزیکبوونەوەی وڵاتانی ناوچەکە و جەمسەرە ناوچەییەکان (تورکیا - ئێران) مەترسی لەسەر کورد و دەستکەوتەکانی زۆرتر دەبێت، کە وردە وردە خەریکە سەرەتاکانی دەردەکـەوێـت، بەپێی بەدەستهێنانی بەرژەوندییەکانیان و چونە پێشی ئەجێنداکانیان، نزیکبوونەوەی زۆرتر لە یەکتر و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوەی زۆرتر لە کورد دەخەنە ئەجێندای خۆیانەوە، ئەوەش دیفاکتۆیە تورکیا و ئێران، کە لەیەك نزیك ببنەوە، گرنگترین خاڵی جێ باسی هەردوولا کوردەکانن، کە دیارە ئێستا رەوشەکە وایلێهاتووە و کارتی کورد زۆرتر بەدەست ئێرانەوەیە لە رۆژئاوا و باکور و نیوەی باشوریش، کە هەمووشی لە دژی تورکیا بەکارهێناوە.

بۆیە ئاساییە کە دەبینین تورکیا سازشی زۆرتر و نەرمی زۆرتری نواندووە و رەنگە باجی زۆریشی بۆ دابێت، کە هێشتا دیار نییە ئیمتیازی چی تری داوە بە سوریا، ئێران، عێراق کە لە داهاتوودا دەردەکەون و

ئامادەبێت باجی تریش بدات، بۆنموونە دەستهەڵگرتنی تورکیا لە ململانێی لەگەڵ ئێران لە وڵاتانی کافکاس یان کشانەوەی لە سوپای ئیسلامی یەکگرتوو، یان زیندوکردنەوەی رێککەوتنی ئەمنی (ئەدەنە) لەگەڵ سوریا.

بۆیە ئاساییە کە دەبیندرێت تورکیا لەم باردۆخ و رەوشە تازە زۆرتر دەبێت باج بدات و کارتەکانی کەمبکاتەوە و ئێرانیش زۆرتر سودمەند و براوە دەبێت.

رزگارکردنی موسڵ، ئاماژەیەکە بۆ داڕشتنی نەخشەیەکی نوێ لە ناوچەکە، کە داعش دەبێتە قوربانی هەڵسانەوەی ئەنکەرە و کۆنترۆڵکردنی سەر لەنوێ ناوچەکە لەلایەن سوپای عێراقەوە، کە پارتی و تورکیا دەیانەویست نیوەی موسڵ کۆنترۆڵبکەن، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی زانیاری گوایە واشنتۆن لە شەوی کودەتاکەی تورکیا سێ مەرجی خۆی بەسەر تورکیادا سەپاندووە:

**یەکەم:** کشانەوەی هەموو سوپاکەی لە عێراق و کوردستان.

**دووەم:** رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ناوخۆی تورکیادا.

**سێیەم:** دەستهەڵگرتن لە پشتیوانی داعش و وازهێنان لە فشار خستنە سەر کانتۆنەکانی خۆرئاوا.

بەمشێوەیە، کە من بڕوام بە خاڵی سێیەم نییە، گەر باسیشکرابێت، بەڵام بەم پێیە، دیسان ئێران براوەی یەکەمە، کە دیارە واشنتۆن بەم کارەی مەبەستییەتی حەشدی شەعبی دووربخاتەوە و رێگری لە شەڕی شیعی و سوننی بگرێت و لە هەمان کاتدا بەڵێنی ئەوەشی بە ئەنکەرە دابێت، کە رێگا نادات پەکەکە و یەبەسە بەشداری گرتنی موسڵ بن، وەکو چۆن ترسی هەیە لەوەش، کە تورکیا سنوری سوریا ببەزێنێت بۆ شەڕی دژی پەیەدە لە خۆرئاوا.

بەمشێوەیە، رِوونە زلهێزەکانی وەك ئەمەریکا و روسیاش مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندییە بێ مۆراڵەکانی خۆیان دەکـەن، کە خۆی لە جوگرافیای ئەو چوار دەوڵەتە دەبینێتەوە، نەك کورد یان باشور و رۆژئاوا، گەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە هێندە دۆخەکە لەبارە بۆ ئەو وڵاتە و پەیوەندی هێزە کوردییەکان هێندە دژوار و ناکۆك و دابەشبووە، رێك لە دەیەی نەوەدەکان و سەردەمی شەڕی ناوخۆ دەچێت بەشێوەیەکی سارد.

بۆیە دوورنییە، وەڵامی واشنتۆن لە پشتکردنی لە کورد و پاشەکشەی دەستکەوتەکانی ئەو قسەیەی هیلاری کلنتۆن بێت، کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو لەبەرامبەر رِوداوەکانی وڵاتانی عەرەبی، کە لێیان پرسی بۆچی پشتتان کردە دۆستەکانتان (کە مەبەستی میسر، لیبیا، تونس...) بوو؟ هیلاری وتی: زۆرمان ئامۆژگاریکردن بەقسەی ئێمەیان نەکرد. ئەمەش چەند وەڵامێکی نامۆڕاڵی پڕ بەرژەوەندییە، هێندەش پڕە لە حەقیقەتی دۆگما و واقعیەتی سیاسەتی ئەمەریکا.

کاتێك هێزێك ئامادە بێت پەرلەمان پەکبخات و گوێ لە چوار هێزی تر نەگرێت، کاتێك هێزێك سنورەکانی بەڕووی برا کوردەکانی لە پارچەیەکی تر دابخات و هەڕەشەی شەڕ بکات.

کاتێك هێزێك بیەوێت بە تەنها حوکمی پارچەیەك بکات، کاتێك هێزێك بێ گوێدانە خەبات و تێکۆشانی هێزە رەسەنەکانی ئەو پارچەیە، حزبی دەستکردی خۆی بکاتە خاوەنی ئەو پارچەیە.

کاتێك لە پارچەیەك دوو هێزی دەیەی هەشتاکان بوونە شەش پارچە بە هۆی ئینشیقاق و ئینشیعابەوە و ئامادە نەبن لە بەرامبەر سیستمێکی سیاسی مەترسیدار پێکەوە بەیاننامەیەك دەربکەن و ئیئتلافێك دروستبکەن.

کاتێك هێزەکانی ئەم چوار پارچەیە بەهۆی هەژمونی دوو حزب، کە کامیان سەرۆك بێت، نەتوانن کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن و کارەکانی یەکبخەن.

کاتێك پاش بیست و پێنج ساڵ حوکمڕانی کورد لە پارچەیەك، لە داهاتی فرۆشی رۆژانەی پێنج سەد هەزار بەرمیل نەوت، فەرمانبەر سێ مانگ جارێك موچەی پێبدرێت و چینی ناوەند بفەوتێت و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و هەژارەکان هەژارتر بن و گەندەڵی هەموو دامودەزگاکانی حوکمەتی گرتبێتەوە.

چەندین رۆژنامەنوس لەسەر ئـازادی بیروڕا تیرۆر بکرێن و پرەنسیپەکانی دیموکراسی لەبەر خاتری کەسێك پێشێلبکرێن و ناعەدالەتی گەیشتبێتە ئاسمان.

ئیتر بۆچی لە سبەینێ پاشەکشە و شکستی ئەزمونی باشور و رۆژئاوا گلەیی لە نزیکبوونەوەی جەمسەرە ناوچەییەکان (ئەنکەرە، تاران، بەغدا و دیمەشق) بکەین، کە هەر چواریان کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و دوژمنی واقیعی کوردن و گلەیی لە دوورکەوتنەوەی هێز و حزبە کوردییەکان نەکەین، کە بە حساب زۆرینەیان هێزی کوردستانی و نیشتمانی و نەتەوەیین.

مەترسییەکانی بەردەم کورد گەورەن، بەتایبەتی بەرامبەر خۆرئاوا، بۆیە پێویستی بە تاکتیکی سیاسی و ستراتیژی گرنگ هەیە، لانیکەم بۆ تێپەڕاندنی ئەو گەلەکۆمەکێیە ناوچەییەی ئامادەسازیی بۆ کراوە و وردە وردە پیلانەکان دەبەنە پێش، بەڵام گرنگە کە هیچ لایەنێکی کورد لەم پیلانە بەشدار نەبێت، بەڵام پیلانێکی مەترسیدار لە ئارادایە.

## عیراق و کوردستان دوای داعش

*لە (13) ساڵی رابردوودا لەعێراق، بایی (850) ملیار دۆلار نەوت فرۆشراوە، بەڵام (350) ملیار دۆلاری لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی عێراقەوە دزراوە و براوەتە دەرەوەی وڵات، لەو داهاتە نزیکەی (200) ملیار دۆلار پشکی هەرێمی کوردستان بووە.

*ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان (6,5 - 7) ملیار دۆلار قەرزداری کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکانە، گەر نرخی نەوت لەمە زیاتر روو لە دابەزین بکات، حکومەتی هەرێم دەبێت تا چەند ساڵی تر قەرز بداتەوە؟

*** لەشەڕی داعشدا (70000) شیعە، شەهید بوون.**

*عەبادی (123) بەرپرسی پلە باڵا، وەزیر، بریکار، بەڕێوەبەر و راوێژکاری لابردوە، کە خەرجی و موچەیان دەیان ملیار دینار بووە، بە تەنها جێگری سەرۆك وەزیران (750) پاسەوانی هەبوە، هەرکام لە بەڕێوەبەر تا وەزیرەکان (430-) ئۆتۆمبێلی لەگەڵدا بووە و بەپێی چەند ئامارێك رێژەی هەژاری گەیشتۆتە (40%).

*پەرلەمانتارانی عیراق، مانگانە (50) ملیۆن دینار موچە و خەرجیان بووە، کە زۆرترین رێژەی گەندەڵی هەبوە، وەزیر هەبووە بۆ یەك سەفەر (260000) هەزار دۆلاری بە ناشەرعی خەرجکردوە.

* * *

بارودۆخی ناوچەکە، عێراق-هەرێمی کوردستان بە نائارامیەکی چاوەڕوان نەکراودا تێپەڕدەبێت، کە لەچەند ساڵی رابردوودا، وێنەی نەبووە. هەندێك پێیانوایە ئەم روداوانـە دوو رەهەندی هەیە، رەهەندێکیان پۆزەتیڤە کە خۆی لەرووخانی رژێمە تۆتالیتارەکان

و سیستمە دیکتاتۆرەکان دەبینێتەوە، دیوە نێگەتیڤەکەشی شەڕ، قەیران، ئاوارەبوون و کوژرانی دەیان هەزار کەسە، عێراق، بەشێکە لەدڵی قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست. کورد لەناوچەکەدا لەم رووداوانـەدا، رەهەندە سیاسیەکەی بە باشی بۆ هاتۆتەپێش، بەڵام خوێندنەوە و مامەڵەکردنی وەك پێویست نەبوە، سەرەڕای پیلانگێڕییەکانی وڵاتانی ناوچەکە. بەڵام بـەراورد بە سەدساڵی رابـردوو، کورد لە هیچ کام لە پارچەکانیدا (جگە لەرۆژهەڵات) هەل، دەرفەت و بارودۆخی وەها گونجاو تەندروستی بۆ نەهاتۆتە پێش. باشور؛ ئەزمونی هەرێمی کوردستان، رۆژئاوا؛ سەرهەڵدانی کانتۆنەکان، باکور؛ بەدەستهێنانی (80) کورسی پەرلەمان، رۆژهەڵات؛ ئایندەیەکی باش چاوەڕێیەتی. بەڵام ئەم دەستکەوتانە، بێ ئاریشە نین و پێناچێت، بێ رابەرایەتییەکی باش و مێنتاڵیتەیەکی تەندروست سەرکەوتوبن و نەکەونە بەردەم مەترسی و هەڕەشەی مەترسیدارەوە.

* * *

کێشەکانی عێراق ستراکچەریی و بونیادیین، پێکهاتە مۆزایك و ناهۆمۆجینەکەی، فاکتەری سەرەکی و داینەمۆی بەرهەمهێنانی ئەم قەیران و شەڕ و ناکۆکییەیە. ئەوەش دیفاکتۆیە، کە شیعە، سوننە و کورد هەرگیز ناتوانن بەیەکەوە بژین، نزیکی شیعە و سوننەش هەرگیز ناتوانێت عیراقێکی ئارام بونیادبنێت.

لەدوای روخانی بەعسەوە، لەماوەی سیانزە ساڵی رابردودا، یەك کابینەی حکومەتەکانی عێراق نەیانتوانی ئەو مەیل و گەرایشە، کاڵبکەنەوە کە ئەم پێکهاتانە دوژمنی یەك نین، بەڵکو ئەوەی لەو سیانزە ساڵەدا روویدا، جگە لە مۆرفینێکی کاتی هیچیتر نەبووە، بۆیە گەر دیقەت بدەین بارودۆخی عێراق کابینە دوای کابینە خراپتر بوو،

بۆچی؟ چونکە بنەماکانی دروستبونی عیراق هەڵەبوو، بۆیە ئێستاش خەریکە دەروخێت. هەربۆیە هەر هەنگاوێکیش بۆ چاکسازی لەم سیانزە ساڵەی رابردودا، بەم ریفۆرمە تازانەی عەبادیشەوە، کە هەندێك ناویاننناوە سکهەڵگوشین نەك ریفۆرم، جگە لە سیناریۆ و شانۆگەری ئامانجێکی کۆنکرێتی لەپشتەوە نەبووە. تەنانەت ململانێکان هێندە سەخت و دژوار بوون، گەیشتە ترۆپکی مەسەلە تائیفیەکان. لەناو شیعە (ململانێی مالیکی و جەعفەری، مالیکی و عەبادی، مالیکی و سەدر...هتد)، کە فاکتەری سەرەکی ئەوەیە، سەنتراڵەکەی لە تارانە و بەپێی خواست و بەرژەوەندیەکانی خۆی یاری بەکارتەکان کردوەو براوەش بووە.

* * *

ئێران و تورکیا بە دوو شوناسی جیاوە، خاوەنی کـارت و کاریگەری زۆر و زەوەندەن لە عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵام توشی دەیان کێشە و ململانێ بونەتەوە لە سوریاوە تا دەگاتە داعش، کوردستان و عیراق، ئەگەرچی بە رواڵەت پەیوەندی ئابوری و دبلۆماسییان هەیە، بەڵام دەیان کێشەی مێژوویی دژواریشیان هەیە، کە ئێستا لە هەرکات زیاترە و لە ناوچەکەدا سەرکردایەتی دوو بلۆکی گەورەی ناوچەکە دەکەن. سەرەڕای ئەوەی ئێران لە سوریا و عێراق لە شەڕی داعش و ململانێکانی هەرێمی کوردستان تادەگاتە یەمەن و لوبنان کاریگەریی هەیە و لە دانوستانی گروپی 5+1 ئێران براوەی یەکەمە، بەڵام رۆڵ و دەخالەتی تورکیاش بێ کاریگەر نییە، بەڵام مەترسی سەرەکی لەم ململانێیەدا ئەوەیە، کە رەنگە سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان لەداهاتوودا، یەك ئاراستە بن دژی کورد.

بۆیە ڕەنگە سەردەمی دوای داعش مەترسی گەورە ڕوویدات، لەوانە سوڕانی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەتێکی ملهوڕ، کە ڕەنگە ڕەمز و ڕەنگی شیعەی عەیارە بیست و چوار بەخۆیەوە بگرێت. یان پەرەسەندنی شەڕی شیعە و سوننە، هاوشێوەی شەڕەکانی ئۆگەندا یان سربیا و کۆسۆڤۆ، کە سەدان هەزار کەس ببنە قوربانی، جیا لەوەی دوای داعش، شەڕێکی کپکراو ئێخەی هەرێم دەگرێت، سەبارەت بە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان، ئا لێرەوەیە کە سیناریۆکانی تورکیا و ئێران دەستپێدەکات، کە ئێستا کار بۆ ئەو سیناریۆیانە دەکەن.

* * *

هەرێمی کوردستان گیرۆدەی کێشەی زۆر و زەوەندە چ لەسەر ئاستی عیراق، چ لەگەڵ تورکیا، چ لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی، فایلی کەرکوك، تێڕوانین سەبارەت بە داعش، ناهاوسەنگی پشکی کورد لە بەغداد. بۆیە پێدەچێت بەغدا وردەوردە فشارەکانی لەسەر هەولێر زیاتر بکات و هەموو لینکەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەرێم لە بابەتی بەشەخۆراك، دەرمان ...هتد بە یەکجاری ببڕێت، بەڵام بڕینی هەموو لینکەکان مانای ئەوە نییە بەغدا دەست لە هەرێم هەڵبگرێت، نەخێر، بەڵکو فشارە بۆ تەسلیمبوون نەك سەربەخۆیی، فشارە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوك و ناوچەکانی تر، نەك گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم، واتا بڕینی هەموو لینکەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێم سەرەتای قۆناغێکی دژوار و مەترسیداری نێوان بەغدا و هەولێر دەبێت. بۆیە بێ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو ئاریشانە نەدەبوو هەرێم، قەیرانەکانی لەگەڵ بەغدا بگەیاندایە بەم دۆخە و بڕینی هەموو لینکەکان. بەبێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤی هەبێت و ناردنە دەرەوەی نەوت بەبێ ئاگاداری بەغدا سەرەتای یەکەم هەڵەی ئەم ئاریشەیە بوو.

* * *

بەم دواییانە عەبادی دەستیکرد بە چەند هەنگاوێك لە بابەتی لادانی (123) بەرپرس، وەزیر، بریکار و بەڕێوەبەری گشتی لابرد، کە هەرکامیان موچەی (3 - 100) ملیۆن دیناریان هەبوو، (4 - 30) ئوتومبێل پێدرابوو، بە هەزاران پاسەوانیان هەبوو، بەتەنها جێگری سەرۆك وەزیران (750) پاسەوانی هەبووە. هەر ئەم هۆکارانەش بوو وایکرد وڵاتانی کۆمەکبەخش پەشیمان بونەوە لەو (136) ملیار دۆلارەی کە بڕیاربوو بیدەن بە عێراق بۆ دروستکردنی (فرۆکەخانە، نەخۆشخانە، خوێندنگە، بەنداو) کە زیاتر لە (20) ملیار دۆلاری بەر هەرێمی کوردستان کەوتبوو، بۆیە رەنگە پەرلەمانی عیراق بە یەکجاری هەڵوەشێندرێتەوە و عێراق رووبەڕووی کێشە و قەیرانی زۆرتر بێتەوە.

* * *

سەبارەت بە چارەنوسی پەیوەندی نێوان بەغداد-هەولێر، عادل عەبدولمهدی وتویەتی «چاوەڕێی هەرێمین بڕیاری خۆی بدات، ئایا هەرێم فیدڕاڵە، نەوتەکەی رادەستی بەغدا دەکات؟ بودجەی بۆ بنێردرێت یان کۆتایی بە هەموو لینکەکان دێت و قەیرانە تازەکان دەستپێدەکات؟».

عادل عەبدولمهدی ئەوەشی وتوە (عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا) واتا ئاشتی هەورامی وەزیری نەوت، هێشتا هیچ وەڵامێکی دروستی نەداوەتەوە سەبارەت بە رێژەی نەوتی فرۆشراو و رادەستکردنی بە عێراق.

بەم شێوەیە هەیمەنەی شیعە، پەراوێزخستنی سوننە، ململانێی لەگەڵ کورد لە قۆناغێکی نوێ بە فۆرمێکی نوێ کە رەنگە توندوتیژی بەخۆیەوە بگرێت، دەستپێدەکات.

جگە لەوەی هەندێك لە کوردەکانی ئێران لە (pkk) جیادەبنەوە (یەکێتی دیموکراتی کوردستانی ئێران) پێکدەهێنن و عوسمان جەعفەری وەکو سکرتێری ئەم حزبە دەستنیشاندەکرێت جیا لەمانە (pkk) لە هەر چوار پارچەکە حزبی تر دروستدەکات وەکو (پژاك) و (کۆدار) لە کوردستانی ئێران و (پارتی یەکێتی دیموکراتی خۆرئاوا PYD) لە سوریا (پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان) لە کوردستانی باشوور و لێدوانی سکرتێر و سەرکردەی باڵە جیابووەکانی ئەو حزبانە پێیانوایە باڵی زۆرینە و حاکم، هەمیشە هەوڵی سەپاندنی بڕیارەکانی خۆیان دەدەن و گشت کەناڵەکانی راگەیاندن و دارایی و پێشمەرگە و دەرەوە و پەیوەندیەکان بۆ خۆیان کۆنترۆڵدەکەن، خزم و کەسە نزیکەکانی خۆیان لایەنگرانی خۆیانی لێ دادەنیشێت و دیکتاتۆرانە رەفتاردەکەن، بۆیە ناچار پەنادەبرێتە بەر جیابوونەوە، بەڵام هەرچی باڵی زۆرینەیە وا پێناسەی دەکەن، کە باڵەکەی تر نایەوێت گوێرایەڵی باڵی زۆرینە بێت و بە دەستتێوەردانی دەرەکی هان دەدرێن.

سەرئەنجام پاش چەندین ساڵ کێشە و ململانێ و بوونی چەندین باڵ و ئایدیای جیاواز جیاواز لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، سەرئەنجام نەوشیروان مستەفا و چەندین کەس لە (م.س) و سەرکردایەتی یەکێتی لەساڵی (200-82009) وردە وردە لە یەکێتی جیادەبنەوە و تادەگات بەوەی لە هەڵبژاردنەکانی (2009/7/25) نەوشیروان مستەفا، بەجیا لیستێك بەناوی (گۆڕان) دروستبکات و (25) کورسی لە کۆی (111) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، ئـەوەش سەرەتای جیابوونەوەیەکی گەورەبێت لەناو یەکێتیدا. هەرچەندە پێشتر خۆیان ناونابوو باڵی ریفۆرم، بەڵام دواتر کردیان بە گۆڕان، بەڵام لە ئەسڵدا جیابوونەوەکە روویداوە.

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەگەرچی جیابوونەوەی رەسمی لەئێستادا تێیدا روونەداوە، بەڵام وازهێنانی جەوهەر نامیق بە سەرەتایەکی ئەو هەنگاوە دادەنرا.

سەرەڕای بوونی کێشە و ململانێ لەنێوان نێچرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کە دوورنییە ببێتەهۆی ئینشیقاقی تازە لە ئایندە لەناو پارتیدا.

پێشتریش لە ساڵی (2009)دا جارێکی تر بەشێکی زۆر لە کادران و سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە حزبی زەحمەتکێشانی قادر عەزیز جیابوونەوە کە لە بەهمەن حوسێن و بەڵێین عەبدوڵڵا و سەعد خالید، دواتر حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دامەزراند و ناوی حزبەکەیان بۆخۆیان برد و حزبی ئایندەیان بۆ ئەوان جێهێشت، بێگومان هەردوولا یەکێتی و پارتی فاکتەری سەرەکی پشت ئەم جیابوونەوەبوون.

گومان نییە لەوەی کە یەکێتی و پارتی (pkk) و کۆمەڵە و دیموکرات راستەوخۆ، یان ناڕاستەخۆ لەپشت بەشێکی زۆری ئەو (ئینشیقاق) جیابوونەوانەوە هەن و بوون، بەو دەلیلەی:

**یەکەم:** دەیانەوێت وەکو حزب دایك خۆیان بناسێنن.

**دووەم:** لە هەر پارچەیەك کۆپییەك بۆ خۆیان دورستبکەن، کە لەڕووی فکری و ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە وەکو ئەوان وابێت.

**سێیەم:** رۆڵی یەکێتی و پارتی و (pkk) وەکو سێ هێز کە خاوەنی ئابووریەکی گەورەن، وادەکەن هەرکامیان هاوکاری لایەك بکات و بەهێزیان بکات، ئەگەرنا گروپێك کە دوو مانگ جیادەبنەوە چۆن دەتوانێت رادیۆی ئاسمانی و رۆژنامە دابنێت و خەرجیەکانی دابینبکات، بەڵام تائێستا یەکێتی و پارتی ئەم شتانە رەتدەکەنەوە،

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا یەکێتی و پارتی و (pkk) خۆیان لە کۆی ئەو مەترسییەدان، کە جارێکی تر رووبـەڕووی ئینشیقاق و جیابوونەوە ببنەوە، یان ئەوە کارێکی مەحاڵ و چاوەڕوان نەکراوە؟ لەکاتێکدا هەرسێ لایەن بۆ خۆیان کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفتی ناوخۆیان هەیە...!

ئایا ئینشیقاق جیا لەم دەستە ناوخۆییانە، دەستی وڵاتەکانی (تورکیا، ئێران، سوریا، عێراق، ئەمریکا و ئیسرائیل و دەزگاکانی میت، ئیتلاعات و ئەمن و موسادی) تێدایە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، یان لە رێگای هێزە کوردیە دۆستەکانیانەوە، یان لە رێگەی هەوڵی موخابەراتی نهێنییەوە.

ئایا کـورد چارەنووسی لەگەڵ ئینشیقاق و جیابوونەوە و لێکترازانی بەردەوامدایە و هەرگیز نایەوێت پەند لە مێژوو وەرگرێت و یەکگرتووبێت یان هەمیشە دوای پلە و دەسـەڵات و پارە و کارێزماییبوون کەوتووە و گیانی لێبوردن و یەکتر قبوڵکردنی تێدا نییە؟

ئایا کێن ئەو حزب و سەرکردانەی وەڵامی مێژوو و داهاتوو دەدەنەوە؟

ئایا دوجار ئینشیقاق گرفتە؟ یان پرۆسەیەکی سادە و ئاساییە؟

# ئێران (قوم) – سعودیە (مەککە)
# ململانێی شیعیزم و سوننینزم

پاش 37 ساڵ لە تەنگەژە و قەیرانی سەختی نێوانیان لە ژانویەی 2015، بە لەسێدارەدانی نەمر باقی نەمر پیاوی یەکەمی ئاینی شیعە لە عەرەبستانی سعودیە، قەیرانە سیاسی و مەزهەبیەکانی لەگەڵ ئێران قوڵتر کردەوە، تاڕادەی نیگەرانی خامنەیی، روحانی رایگەیاند «ئەو کارە نە ئیسلامییە، نە ئینسانییە».

سەرچاوەکان باس لەپەیوەندی ئەم دوو لایەنە بۆ ساڵی 1928 دەکەن، بەڵام بەردەوام پڕ کێشەو لەرزۆك بووەو بەتایبەتی دوای شۆڕی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979، کە ناوچەکە روداوگەلێکی سیاسی و تائیفی پڕ کێشەی بە خۆیەوە بینی، بووە سەرەتای خراپی پەیوەندییەکانی عەرەب بەگشتی و عەرەبستان بەتایبەتی لەگەڵ ئێران.

ئەوکات تاران رایگەیاندووە «رژێمی سعودییە رویەکی تری بزوتنەوەی وەهابیەتە» لەپاڵ ئەوەشدا تاران نیگەران بووە لەو ئامادەگییە بەهێزو فراوانەی سعودیە لەبواری سەربازی و ئەمنی لە ناوچەکەدا، کە پەیوەندی بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمەریکاوە هەبوو.

ئەم دوو خاڵە، کە یەکەمیان ئاماژەیەکە بۆئەوەی عەرەبستان نوێنەرایەتی وەهابیەتی سوننی دەکات، کە ئەمەش رێك ئەو گرفتەیە، کە چواردە سەدەیە لەنێوان هەردوو تائیفەی شیعەو سوننە هەیەو هەرکام لەئێران و سعودیە خۆیان، وەکو مەرجەعی ئەو دوو

مەزهەبە دەزانن و هەرکامیان شانازی بەشوێنە پیرۆزەکانی، وەکو مەککەو مەدینە، نەجەف، کەربەلا، قوم، مەشهەد، کازمیەو سامەڕا دەزانن.

دووهەمیشیان، لەدوای هاتنە سەرکاری ئێران و خومەینی لە 1979، ئێران دەیویست نوێنەرایەتی جیهانی ئیسلامی بکات، بەڵام دواجار بەهۆی کێبڕکێ سعودیە، ئێران ناچاربوو بەتەنها ملبدات بۆ نوێنەرایەتی شیعە، بەڵام هەر ئەوکاتە تێکچونی پەیوەندییەکانی تاران و واشنتۆن بەهۆی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەوە، ئێران لەناوچەکەدا تەنها مایەوەو وڵاتانی کەنداو بونە هاوپەیمانی سعودیە.

بێگومان پێشتریش بەهۆی شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 نێوان عەرەب و ئیسرائیل و بایکۆتی وڵاتانی عەرەبی بەناردنە دەرەوەی نەوت بۆ ئەمەریکا و خۆرئاوا، لەبەرامبەر پشتیوانی ئیسرائیل، ئێران بڕیاریدا قەرەبووی ئەو کەم هێنانەی ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ ئەوروپا بکاتەوە.

بەڵام وەکو محەمەد ساڵح کەواز لە کتێبی پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێران لە ساڵانی (1979 – 2011) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کێشە و ریشەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی 1979 و روخانی رژێمی شا، کە بەهاوپەیمانی ریاز دەناسرا، بەڵام دواتر ناکۆکییە سیاسی و مەزهەبیەکانیان گەیشتە لوتکە، بەتایبەتی لەسەر رێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی و جەنگە ناوچەییەکان، کە هەردوو لایان نوێنەرایەتیان کردووە.

**جەنگی عێراق – ئێران - 1980 :**

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، بەناسنامەی شیعەبوونێکی دوانزە ئیمامی، عەرەبستان و وڵاتانی کەنداوی فارس ئەو شعورەیان لادروستبوو، کە ئێران شۆڕش و چەمکەکانی هەنارده دەکات، بەتایبەت کە کەمینەیەکی شیعە لە سعودیە، کوێت و بەحرێن هەبوو.

بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق – ئێران، عەرەبستان کەوتە پشتیوانییەکی بەهێزی عێراق، لەلێدوانێکدا ئەوکاتە ئەمیر بەندەر کوڕی سوڵتان باڵوێزی پێشوی سعودیە لە واشنتۆن لەسەردەمی مەلیك فەهدی کوڕی عەبدولعەزیز رایگەیاند «یارمەتی بە پەلەی عێراقمان داوە بەبڕی (6) ملیار دۆلار و ناردنی زیاتر لە (100) تانك لەرێگەی کوێتەوە، دواتر کۆمپانیای ئارامکۆ هەڵسا بەناردنی تیمێکی پسپۆر بۆ چاککردنەوەی چاڵە نەوتەکانی عێراق، کە بەهۆی بۆردومانی ئێرانەوە زیانیان پێگەیشتووە.

**تاوانبارکردنی تەقینەکانی مەککە و کەعبە- 1986**

حاجیانی روو لە مەککە و کەعبە، هێڵێکی تری ململانێکانی سعودیە و ئێرانە، لەساڵی 1986 دەزگا ئەمنییەکانی سعودیە رایانگەیاند «(111) حاجی ئێرانیان بە مادەی (C4) دەستگیرکردووە، کە ویستویانە کەعبە بتەقێننەوە و لەساڵی 1987 لەدەرئەنجامی خۆپیشاندانی حاجییە ئێرانییەکان (402) حاجی گیانیان لەدەستدا، کە (75) ئێرانی و (85) سعودی تێدابوو».

لەساڵی 1989 جارێکی تر ریاز بە تاوانی هەوڵی تەقاندنەوەی تونێلێك لە مەککە، گشت دبلۆماتکارە ئێرانییەکانی دەرکرد، ئەم قەیرانە درێژەی کێشا، تا ساڵی 2015 روداوی گیان لەدەستدانی (700) حاجی کە (131) یان ئێرانی بوون.

**قەیرانەکانی بەحرێن و سوریا - 2011 – 2012**

ئازاری 2011 ئەوکاتەی ئێران پشتیوانی لە خۆپشاندانەکانی شیعە نیشینەکانی بەحرێن کرد، سعودیە بەو دەستێوەردانەی ئێرانی زانی و هێزی زۆری نارد، هێزی سەربازی جەزیرەی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو خوپشاندانەکانیان کپکردەوە.

لەساڵی 2012، ململانێکانی سعودیەو ئێران لە سوریا گەیشتە ترۆپك، ئێران تاوانبارکرا بە ناردنی راوێژکاری سەربازی لەپاڵ هێزەکانی حزبوڵڵای لوبنانی و لەبەرامبەردا پشتیوانی سعودیە لە هێزەکانی سوپای ئازاد.

ئەمانە پانۆرامای ململانێکانی نێوان تاران – ریاز بوو لە ساڵانی 1979 – 2016 و لەسێدارەدانی سەید نەمر باقر نەمر، پەیوەندییە سیاسی و دبلۆماسییەکانی هەردولای گەیاندە لوتکەو چاوەڕوانی قەیران و ئاریشەی زیاتری لێدەکرێت.

سەرەڕای ئەوانە لێکوڵێنەوە سیاسییەکان باس لە چوار فاکتەری سەرەکی دەکەن لە ململانێکاندا لە ئێستادا:

**یەکەم:** فایلی مەزهەبی و دینی.

**دووەم:** فایلی پەیوەست بە کێبڕکێ لەسەر سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی.

**سێیەم:** فایلی پەیوەست بە پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوا، بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

**چوارەم:** فایلی نەوت لەناو رێکخراوی ئۆپیك.

**فایلی یەکەم: فایلی مەزهەبی و دینی**

ئێران وسعودیە بەتایبەتی لە ساڵی 1979 دەستیانداوەتە ململانێیەکی توند، تا هەرکامیان وەکو رابەری وڵاتانی ئیسلامی خۆیان نیشانبدەن، تا دواجار لەنێوان دوو بلۆکی مەزهەبی (شیعیزم – سوننیزم) و دوو بلۆکی سیاسی و جوگرافی (دابەشبونی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) بەیەکجاری ساغبوەوە.

پاش راوەستانی شەڕی عێراق – ئێران، تاران کەوتە فراوانکردنی جیۆپۆلێتیکی مەزهەبی خۆی و بەتایبەتی لەوڵاتانی کەنداوی فارس و بەپلەی یەکەم هەراسانکردنی سعودیە، ئامارەکان دەڵێن (70%) دانیشتوانی کەنداوی فارس شیعەن، بە پلەی یەکەم لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی سعودیەن لەناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوت لە (ئیحسا)، کە ژمارەیان (500) هەزار کەسن و لە بەحرێن (350) هەزارو لە ئیمارات (300) هەزارو لەعێراق (12) ملیۆن و لە ئێران (51) ملیۆن لە کوێت (1,500) ملیۆن، لەقەتەر (50) هەزارن.

چاودێران پێیانوایە، گەر پشتیوانی ئەمەریکا و خۆرئاوا نەبێت لەگەڵ بوونی کەشتیگەل و بنکەی سەربازی و هەواڵگری لە کەنداوی فارسدا، ئێران شەش مانگی بەسە بۆ داگیرکردنی زۆرێك لەو وڵاتانە.

ئەمە جگە لەوەی کە (20%) دانیشتوانی قەتەر شیعەن، (30%) کوێت، (65%) بەحرێن، (16%) ئیمارات، (5%) ئەردەن، (10 – 15%) سعودیە، ئەوە جگەلەوەی رێژەکە لە پاکستان (33) ملیۆن شیعە، (11) ملیۆن شیعە لە هندستان، (6) ملیۆن لە ئازەربایجان هەیە.

ئەوەی گرنگە لەم کەیسەدا، خاڵێکی جەوهەریە، تێڕوانینی ئێران، تێڕوانینێکی دینی و مەزهەبییە، واتا ئینتمایەکی مەزهەبی – سیاسییە،

بەڵان تێڕوانینی سعودیە و وڵاتانی سوننی، تێڕوانینێکی مەزهەبی – نیشتمانییە، یان نەتەوەییە، واتا ئینتمای دینی – نیشتمانییە.

بێگومان ئەم ململانێیە تەنها لە کەنداوی فارس نەوەستاوە، بەڵکو عێراق، ئەفغانستان، سوریا، لوبنان، یەمەن و تەنانەت تورکیاشی گرتۆتەوە.

شیعەکانی سوریا (13%)ن، لە یەمەن (5) ملیۆن، لە عێراق (60%) لە ئازەربایجان (75%) لە ئەفغانستان (18%)، عەلەوییە شیعەکانی تورکیاش (25%)ن.

**فایلی دووەم: کێبڕکێ لەسەر سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی**

ئامارەکان باس لەوە دەکەن، ژمارەی شیعەکانی جیهان زیاتر لە (300) ملیۆنە، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوان (7,5) ملیار کەسە، (1,3) ملیار موسڵمانن، کە (1) ملیار لەوانە سوننەی (حەنەفی، شافعی، حەنبەلی، مالکی) و (300) ملیۆنیشی شیعەن لە (شیعەی دوانزە ئیمام، عەلی اللهی - عەلەوییەکان، زەیدی، ئیسماعیلیەن).

بـەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 ئێران، وەکو مەرجەعی شیعەکانی (قوم) و سعودیەش وەکو مەرجەعی سوننەکانی (مەککە) دەزانن.

هەرچی ئێرانە خۆی کردۆتە سەنتراڵی هەموو هێزە شیعەکانی دنیا، هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری خومەینی سێ پەیامیدا (لا شرقی لا غربی، جمهوری ئیسلامی، ڕێگای ڕزگارکردنی قورس لەدەستی جولەکە بە نەجەف و کەربەلادا تێپەڕدەبێت، لەسێهەمین فتواشیدا کوشتنی سەلمان روشدی نوسەری هیندی خاوەنی کتێبی (ئایاتی شەیتانی)، ئەم سێ خاڵە رۆڵی خومەینی و ئێرانی زۆرترو کاریگەرتر کرد، کە نوێنەرایەتی جیهانی ئیسلامی دەکات.

بۆیە حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حزبوڵڵای لوبنان دەڵێت « من لەگەڵ خودا دا سوژدە بۆ دوو کەس دەبەم، خومەینی و خامنەیی»، لەیەمەن عەبدولمەلیك ئەلحوسی خۆی بە نوێنەری خامنەیی دەزانێت.

بۆیە ئێران گەر لە رووی جوگرافی و جیوپۆلێتیك و سیاسییەوە، وەکو زلهێزێکی ناوچەیی و تارماییەکی سامناکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەیربکرێت، ئەوا لەڕووی مەزهەبی و دینییەوە دوو پانتایی گەورەی لەناو دڵی جیۆپۆلێتیکی عەرەبی و تورکی، بگرە هیندی و ئەفەریقیش هەیە.

ئەم بۆچونانە دەکرێت بڵێین راستن، چونکە وەکو چاودێرانی سیاسی خۆرئاوا دەڵێن «لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك لە وڵاتانی لوبنان تا پاکستان، لە تاجیکستانەوە تا ئیمارات، رۆژانـە روداو و شتگەلێك روودەدەن، کە شیعەکان رۆڵی سەرەکییان هەیە لەو جەنگ و رووداوانەدا».

قەیرانی ئەفغانستان، شـەڕی سـوریـا، کوشتاری یەمەن، نائارامییەکانی باشوری پاکستان، جێگری سعودیە، ململانێکانی تورکیا، شەڕی خوێناوی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەحرێن، لەتێکڕای ئەم نمونانەدا وشەی شیعە دەبینین لە ستونە رۆژنامەوانییەکاندا.

دیقەت بدەن ئەوەی خومەینی (36) ساڵ پێش ئێستا کردبوویە مانیفێستی شۆڕشی (مردن بۆ ئیسرائیل و مردن بۆ ئەمەریکا) ئێستا حوسییەکان لە سەعدەو باشوری یەمەن بەدەنگی بڵند دەیڵێنەوە، یان ئێران راستە سنورەکانی ناگاتە یەمەن، بەڵام لە خاکی سۆماڵ راهێنان بە چەکدارە حوسییەکان دەکات.

جگەلەوەی هەموو شیعەکان بەتایبەتی ئێران کۆکن لەسەر ئـەوەی، کە ئیمامی عەلی لە ساڵی (661) زاینی لەسەر دەستی موعاوییەی سوننە کوژرا، دواتریش حەسەن ژەهر خواردکراو حوسێن کوژرا، ئەمانەش سیمبوڵی شیعەن و ئێران بەردەوام کاریان لەسەر دەکات و بەردەوامیش زۆربەی مسجەکانی روو بە سعودیەیە.

وەکو ئۆلیڤەر روا دەڵێت «ئێران بەنیازە زیاتر یاری بە فراوانخوازی شیعەگەری بکات تا فراوانخوازی ئێرانی».

بۆیە ئەم سنورە مەزهەبییە جاڵجاڵۆکەییە، کە هێزێکی بێکۆتای بەهێزی بۆ ئێران دروستکردوەکۆتایی نایات، هەرچی سعودیەشە لەماوەی (90) ساڵی رابـردودا، کە دەسەڵات بەدەست بنەماڵەی ئەلسعودەوەیە و بەتەنها شا عەبدولعەزیز (34) ژنی هەبووە و خـاوەنـی(30) کچ و (36) کـوڕە، ئەگەرچی ئەمانەش سەرەتا ویستیان خۆیان بە مەرجەعی هەموو موسوڵمانان بزانن، بەڵام زو بۆیان دەرکەوت، کە کارێکی لە ئیمکان نەهاتووە، تەنها دەتوانن نوێنەرایەتی جیهانی ئیسلامی سوننە بکەن و تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوون.

پشتیوانیان لە سەدام حسێن لە شەڕی عێراق – ئێران، لە هێزە موجاهیدەکانی ئەفغانستان، سوننەکانی عێراق، گروپی سەعد حەریری لە لوبنان، فەرمانڕەوایی خەلیفە لە بەحرێن، سوننەکانی عێراق و یەمەن، هەر لەم چوارچێوەیەدا، واتا لە کوێ حزوری شیعەو ئێران هەبێت، سعودیە لەوێش ئامادەگی هەیەو دژبەری سەرەکی تارانەو پێچەوانەکەشی راستە.

سعود فەیسەڵ وەزیـری دەرەوەی سعودیە پێشتر راگەیاند

«بارودۆخی عێراق نمونەیەکی باشە بۆئەوەی تێبگەن کە بۆچی ترسمان لەئێران هەیە، ئێران خەریکی داگیرکردنی عێراقە».

فەیسەڵ ئەوەش دەڵێت «خەمی تێوەگلانی نابەجێی ئێرانمان هەیە لەناوچەکەدا دەبێت بەر بەو چالاکیانەی ئێران بگیرێت».

سعودیە لەقەیرانی سوریا زۆر هەوڵیدا، ئێران تێکبشکێنێت، بەڵام ئاکامێکی نەبوو، ئێران شەڕەکانی گواستەوە یەمەن، تا سەرئەنجام لە 2015/3/26 بەشێوەیەکی لەناکاو لەژێر ناوی (گەردەلولی زەبر) هێرشی ئاسمانی بۆ سەر یەمەن دەستپێکرد، بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی هێز لە یەمەن، کە خەریکبوو ئێران دەستی دەگرت بەسەر گەروی باب ئەلمنەدەب، کە رۆژانە سێ ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێپەڕدەبێت بۆ خۆرئاوا.

دوا بەدوای ئەوەش هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی (سعودیە، تورکیاو قەتەر)، هەر لەچوارچێوەی هەمان هەوڵدابوو بۆ دژایەتی ئێران.

دروستکردنی هاوپەیمانێتی سەربازی وڵاتانی موسڵمان کە(34) دەوڵەت بەشداربوون، بۆ دژایەتی پێگەو نفوزی تاران بوو.

بەڵام لەسێدارەدانی نەمر باقی نەمر، ئەو ململانێیانەی گەیاندە لوتکە، هەموو سیناریۆکانی سعودیەی دژی ئێران خستەڕوو، کە باش دەیزانی ئێران نیگەران دەکات.

عەرەبستانی سعودیە، کە خاوەنی (233500) سەربازە لە ریزی (24) میندایە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام بودجەی سەربازی ساڵانەی (56) ملیار و (725) ملیۆن دۆلارە دوای ئەمەریکا و چین و روسیا بە چوارەم زلهێز دادەنرێت لەو بوارەدا.

هەربۆیە لە ساتی گەردەلولی زەبر، وەکو پێشەنگی شەڕەکە بە (100) فرۆکەی شەڕکەرو (150) هەزار سەرباز بەشداریکرد.

**فایلی سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاواو ئەمەریکا**

ئێران هەمیشە بە نیگەرانییەوە روانیوێتییە پەیوەندییەکانی سعودیەو واشنتۆن لە دژی خـۆی، بێگومان ئەمە بۆ یەکێتی ئەوروپاش راستبووە، هۆکاری سەرەکیش دوالیزمانە بووە، لەلایەك سعودیە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی پاراستووە، بەڵام ئێران دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان هەنگاوی ناوە.

سعودیە کە رۆژانــە نزیکەی (10) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت، کە زۆرینەی رەوانەی ئەمەریکاو ئەوروپا دەکات، دابەزینی نرخی نەوت لەئێستاش و دوو ساڵی رابــردوش، تاران والێکیدایەوە کە بۆ گەمارۆدانی زیاترو توندکردنی گەمارۆکان و داتەپینی ئابوری ئێرانە.

جیا لەوانە تاران نیگەرانە لەوەی زۆربەی دۆسییە گەورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بابەتی (یەمەن، عێراق، سوریا، لوبنان، ئەفغانستان) راستەوخۆ دەچێتە پاڵ سعودیە.

هێشتا تاران ئەوەی لەیادە، کە پار ساڵ لە گەردەلولی زەبر بۆ سەر حوسییەکان، ریاز بەچرای سەوزی واشنتۆن ئەوکارەیکردوە و هاوکاری هەواڵگری و لۆجستیکی کردووە.

تاران نیگەرانە لەوەی، کە باشترین جۆر و مۆدێلی فرۆکە و چەکی پێشکەوتوی سعودی هی ئەمەریکان، بەپێی سەرچاوە سەربازییەکان، عەرەبستانی سعودیە یەکەم هێزی سەربازی کەنداو سێهەم هێزی وڵاتانی عەرەبییەو لەکۆی (128) هێزی وڵاتانی جیهان پلەی (28) مینی گرتووە، بۆ نمونە بەتەنها خاوەنی (5472) زرێپۆش، (1410) تانك، (1278) تۆپی دورهاوێژو، (391) فرۆکەی جەنگی و (200) هەلیکۆپتەرو (55) کەشتی جەنگییە.

بەڵام ئەگەر روسیا نەبێت، ئێران لە بواری سەربازیدا بارودۆخی زۆر خراپە لەبەرامبەر سعودیەدا.

جیا لەوانە تـاران زۆر نیگەرانە لـەوەی، هێندەی فۆکسی رێکخراوەکان و میدیای خۆرئاوایە لەسەر تارانە لەبواری مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، دەستێوەردانە دەرەکییەکان و سەرکوتی کەمینە ناوخۆییەکان، هێندە فۆکس لەسەر ریاز نییە، کە هەمان رەفتارو مامەڵەی تاران دەکات.

بێگومان لەدوای هاتنە سەر کاری ئێران لە ساڵی 1979، هەرگیز پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو ئێران و خۆرئاواش باش نەبووە لەگەڵیدا، تا دەگات بە ئێستاش پاش دە ساڵ گفتوگۆی ئێران و گروپی (5 + 1)، دەستی لە گەمارۆدانی تاران هەڵنەگرتووە، داوا دەکەن ئێران رێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ (5%) کەمبکاتەوە، یەدەگی یۆرانیۆم بۆ (25%) راگرتنی چالاکییەکانی وێستگەی (ئاراك)و رێگەدان بە تیمەکانی ئاژانسی وزەو ئەتۆمی بۆ هەردوو وێستگەی (نەتانزو فەردۆ) بەشێوەیەکی رۆژانە.

سەرەڕای ئەوەی ئەمەریکاو خۆرئاوا سزای ئابوریيان بەسەر تاراندا سەپاندووە بەبڕی (7) ملیار دۆلار، (4,2) ملیار دۆلاریان بلۆك کردووە و (1,5) ملیار دۆلاریان لە بواری بازرگانی زێرو ئاڵتون، ئابلۆقەیان خستۆتەسەر، گەر دیقەت بدەین بەدوای رێککەوتنی گروپی (5+1) لەگەڵ تاران (باراك ئۆباما، جۆن کێری، بنیامین ناتانیاهۆ، لۆران فابیۆس، فلیپ هامۆند، مێرکل) بەگومانەوە لە ئێرانیان روانی و پێیانوابوو دەبێت کاری وردو زۆرتر لەگەڵ ئێران بکرێت.

بێگومان سعودیە، نیگەرانی خۆی لەوکارە راگەیاندو وتی «ئێران جێگەی متمانە نییە».

**فایلی چوارەم: فایلی نەوت**

نەوت وەکو سەرچاوەیەکی وزەو ئابوری هەر وڵاتێك، رۆڵی گەورەی هەیە لە پێکهاتەی ئابوری و سیاسی ئەو وڵاتەدا.

گەرچی ئێران لەساڵی 2013 (4,231,000) ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بە رێژەی (4,77%) کۆی گشتی جیهان بەرهەمهێناوە، سعودیە (9,000,000) ملیۆن بەرمیل بەرێژەی (12,65%) بەرهەمێناوە، تەنها روسیا لە پێشەوە بووەو (10,900,000) بەرمیل رۆژانە بەرێژەی (13,28%).

کە بێگومان لەساڵی 2015 ئەو رێژەیە بۆ عەرەبستان زیاتر بووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتی تاران.

**فاکتەرەکانی پشت سەرهەڵدانی ململانێکان**

ئەگەرچی وا باسدەکرێت، کە هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانە تازەیەی نێوان سعودیە و تاران پەیوەندی بە لەسێدارەدانی نەمر باقی نەمرەوە هەیە، بەڵام بێگومان ئەمە راست نییە، بەڵکو پێشتر فاکتەرگەلی زۆرتر هەبوون، کە کەڵەکە بوون و پێشدەچێت سعودیە بەمەبەست لەمکاتەدا نەمری لەسێدارەدابێت لەبەرئەم فاکتەرانە:

**یەکەم:** بوونی واشنتۆن لە پشت پلانەکەوە، تا زۆرتر ئێران بخەنە ژێر فشارەوە بۆ ملدان بە رێککەوتنی گروپی (5 + 1) لەگەڵیدا بۆ داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکان و گواستنەوەیان بۆ کازاخستان، کە تائێستا تاران دەستی بەدەستی بە وڵاتانی (5 + 1) دەکات.

**دووەم:** پاشەکشەکردن بەئێران لە دوو وڵات و دوو فایلی گەرم، کە ئێران رۆڵ و دەخالەتی گەورەی تێیاندا هەیە، یەکەم سوریاو دووەم یەمەن، کە هەردووکیان کارەکتەری سەرەکی رەقیبی تاران

و عەرەبستانی سعودیەو لەهەردوو ئەو وڵاتەو ئەو دوو مەلەفە سعودیە دۆڕاوە و پاشەکشەی کردووە، واتا نە لە سوریا حکومەتەکەی ئەسەدی بۆ روخا، نە لە یەمەن توانیویەتی حوسییەکان دەرپەڕێنێت.

**سێهەم:** هاندانی ئێران بۆ راکێشانی بۆ روداوگەلێك کە رەنگە رووبدات، وەکو سوتانی باڵوێزخانەی سعودیە لەتاران یان کردەیەکی سەربازی تا بکەوێتە ناو تەڵەیەکەوەو توشی شەڕێکی هاوشێوەی عێراقی بکەن (بەڵام ئێران لەم پلانە باش تێگەیشتووە).

**چوارەم:** ملدانی ئێران بۆ ئەگەرەکانی روداوو روداوگەلی چاوەڕواننەکراو لەعێراقدا لە بابەتی دروستکردنی هەرێمی سوننە.

**پێنجەم:** پەیامێکی توندی سعودیە بوو، بۆ مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە لەناو سعودیەو دڵی وڵاتانی کەنداوی فارس لە بەحرێن، قەتەرو کوێت، کە رێگە نادات بەپیلانی ئێران خەڵك هانبدەن و خۆپیشاندان رێك بخەن و پشێوی دروستبکەن، یان سوکایەتی بە بنەماڵەی ئەلسعود بکەن.

**شەشەم:** درێژەی ئەزموونی یەك ساڵی رابردووی سعودیە بوو، بەنمایشکردنی خۆی وەکو هێزی یەکەم و مەرجەعی یەکەمی سوننەکان و وڵاتانی عەرەبی لە کەنداوی فارس و گشت وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی، کە دەتوانێت بەر بە هەژموون و فراوانخوازی دوژمنکارانەی ئێران و شیعیزم بگرێت لەناوچەکەدا، لەدوای گەردەلولی حەزم قەتڵ و عامی حاجیانی ئێرانی بەسەرکردایەتی وڵاتانی سەربازی ئیسلامی.

**حەوتەم:** پەیامێك بوو بۆ روسیای هاوپەیمانی ئێران، کە وڵاتانی نەیاری تاران دەتوانن دەست بۆ پیرۆزییەکانی تاران بەرن و ئاریشەی بۆ دروستبکەن.

نەمر باقی نەمر، پێناچێت هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگ بێت، بەڵام بێگومان یەکێکە لە فاکتەرەکان و ڕەنگڕێژی ئەجێندایی شەڕ و جەنگێك دەکات لە داهاتوودا، کە ناوچەکە بە لەدایکبوونییەوە ئازار دەچێژێت.

چونکە ئەگەر جەنگێکی سیاسی و جەمسەرگیری نێودەوڵەتی رووبدات لەنێوان ئەمەریکاو روسیا، هۆکاری سیاسی و ئابوری رۆڵی گەورەیان هەیە، یان رەنگە جەنگێك لەنێوان پاکستان و هندستان لەسەر کشمیر رووبدات.

بەڵام جەنگی نێوان ئێران و سعودیە، بێگومان یەکەم فاکتەری دین و مەزهەبییە، هەر بۆیە روداوەکانی یەمەن، سوریا و عێراق هێندەی دۆسیەی نەمر هەردو لای نیگەران نەکردووە.

بێگومان هەردولا رۆڵی گەورەیان هەیە لەیارمەتی و باربۆکردنی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵە - سوننی یان شیعەکان و گەورەترین نەهامەتی و کێشەو قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەیەمەن تا سوریا، شەڕی تائیفی و دینی و مەزهەبییە و ئەم دوو وڵاتە یاری تێدادەکەن، بە سەدان هەزار ئینسانی تێدا بەکوشت دەدەن و هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت، دەست لەم ململانێی مەزهەبی و تایفییە هەڵبگرن، بۆیە سەرەڕای هەموو ململانێی سیاسی و ئابوری، جەمسەرگیری دەسەڵات، نفوز لە نێوانیان، بەڵام فاکتەری یەکەم و سەرەکی ململانێی نێوان (شیعیزم - سوننیزم)ە کە سەرچاوەکانیان (قوم و مەککە)یە و بە ملیۆنان ئینسانیش ئامادەن بە خاتری نەجەف، یان ئەو دینە خۆیان بکەنە قوربانی ئەم شەڕە نەگریسە، دینییە بێ ئاکامە.

# تورکیا لە ململانێی سوریا و روسیاوە بۆ قەیرانی عێراق و ئێران

**«جەنگەکان ئامرازن بۆ سەر لەنوێ پێکهێنانەوەی بارودۆخی جیۆپۆڵەتیك،**
**جەنگەکان سەر لەنوێ قوچەکی هێز بنیاد دەنێنەوە،**
**چونکە دەبنە مایەی سەرکەوتنی دەوڵەتەکان و پێشهاتی قەیران،**
**یان بەتەواوەتی کۆتاییهاتن»**

**- باراك خانا -**

جارێکی تر لە بارودۆخێکی دژواردا، کە ناوچەکە بە دەیان قەیران ئابڵوقە دراوە، سوپای تورکیا لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بێ ئاگاداری حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێم، بەچرای سەوزی ئەمەریکا و ئاگاداری سعودیە و قەتەر بنکە و بارەگای سەربازی خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە هەندێك لایەن بە ریسك و هەندێکیش بەخوێندنەوەی دروستی ئەنکەرەی دەزانن.

ئەمە لەکاتێکدایە هێشتا دوکەڵی خستنە خـوارەوەی فڕۆکە روسییەکە لەلایەن تورکیاوە لە سوریا نـەڕەویـوەتـەوە، تورکیا سنورەکانی هەرێمی بەزاندو گلەیی و گازندەی حکومی، حزبی، جەماوەری لەعێراق، کوردستان، ئێران و روسیای بەدوای خۆیدا هێنا.

چاودێران، سنوربەزاندنەکانی تورکیا بەکارێکی چاوەڕواننەکراو دەزانـــن، بـەڵام پێدەچێت رەهـەنـدو ئەجێندای پڕ گوماناویتر لەپشت ئەم سیناریۆ تازەی ئەنکەرەوە هەبێت، لەسادەترینی ئەم سیناریۆیانەش ئەنکەرە لەجێگەو پێگەو نفوزی روسیاو ئێران، بارگەو

بنەی خستووە، کە ناوی سنوری جوگرافی عێراقەو دەیەوێت هەم سود وەربگرێت، هەم هەراسانیان بکات.

بۆیە دەکرێت بڵێن، تورکیا لەگەڵ ڕەقیبەکانی، روسیا، ئێران، مەیدانی ململانێکانی لە سوریاوە گواستۆتەوە عێراق و پێدەچێت هەستی کردبێت، ئەو پێگەو نفوزەی لە خەیاڵی خۆیدا بونیادی نابوو لە(سوریا) لەدەستی چووەو پێویستە بگەڕێت بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی تردا، کە ڕەنگ و ڕووی تۆڵەشی پێوە بێت دژی ئێران و روسیا.

بێگومان ئەم سنوربەزاندنە لەئاستی نێودەوڵەتی روسیاو لەئاستی ناوچەیی ئێران و لەناوخۆش، عێراقی شیعە، نیوەی هەرێمی کوردستان (هەرێمی سەوز) نیگەران کردووە، دژن.

بەڵام دیوەکەی تری کە بەهەڵکردنی چرای سەوزی واشنتۆن لەئاستی نێودەوڵەتی و نەرمی نواندنی ناتۆ، پشتگیری جەمسەرگیری سوننی ناوچەیی سعودیە، قەتەر، ئیماراتەو لەئاستی عێراقیش سۆزی سوننەکان، نیوەی هەرێمی کوردستانیشی (هەرێمی زەرد) لەگەڵدایەو دۆستن.

ئەم سیناریۆیە، ئەگەری مەترسی دوبارەکردنەوەی سیناریۆکانی باکوری قوبرسی هەیە، کە لەساڵی 1974 ڕوویدا و ڕەنگە لە ساڵی 2015 لە موسڵ دوبارە بێتەوە.

ناتۆ و ئەمەریکا ئەگەر بێ دەنگی و نەرمییان نواند، لەبارەی قوبرسی دۆستیان، نفوزی یۆنانی، ئەندامی ناتۆ و شنگن، ئێستا بۆچی دەبێت نیگەران بن لە داگیرکردنی موسڵ؟ یان دەیانەوێت تورکیا ڕاکێشن بۆ ناو کێشەو ئاریشەیەك تا ناچاریبکەن زیاتر ملبدات بۆ داخوازییەکانیان، یان دەکرێت مەبەستیان بێت ئێران ڕاکێشن بۆ ململانێیەکی سەخت لەگەڵ تورکیا، تا لەلایەکەوە ناچاریکەن

باشتر مل بۆ داواکانی گروپی 5 + 1 لە پرۆسەی دانوستانی چەکە ناوەکییەکان بدات، کە بەنیازن ئەو چەکانەی لێ دابماڵن و رەوانەی کازاخستانی بکەن و واز لەتاقیکردنەوەی موشەکی کیشوەری بهێنێت.

لەوەش گرنگتر، راکێشانی ئێرانە بۆ ململانێی لەگەڵ تورکیا لەسەر ناوچەیەك، کە بەدڵی ناوچەی ستراتیژی شیعە و قوڵایی ستراتیژی ئەمنی قەومی تاران دادەنرێت، کە (عێراق)ە، بەمەش ئێران سەرقاڵدەکەن بەم قەیرانەوەو لەهەرکام لە یەمەن و سوریای دوردەخەنەوە، واتا گۆڕینی بەرەی شەڕە، یان گواستنەوەی شەڕی یەمەن و سوریایە بۆ عێراق، بەمەش لەلایەك پاشەکشە بە حوسییەکان دەکەن ومەترسی لەسەر سنورەکانی سعودیە نامێنێت، لەلایەکی تریشەوە چانسێکی تر دەدات بە تورکیاو وڵاتانی کەنداو بۆ روخانی بەشار ئەسەد.

ئەنکەرە باشترین سودمەندی سیناریۆی دروستکردنی داعش بوو، وەکو کارتێکی فشار بەکاریهێناو ئەنجامدانی ئەم سیناریۆیانە خۆی لەداگیرکردنی موسڵ دەبینێتەوە، داعش باشترین یاریدەدەرو باشترین کارتی ئەنکەرەیە، ئەگەر بەناوی دەرپەڕاندنی داعشەوە بێت، کە پێدەچێت داعش موسڵ چۆڵبکات و شەڕ نەکات تا تورکیا و سوننەکان و پارتی کۆنترۆڵی بکەن، رێگا بە شیعەکان و پەکەکە نەدەن بەشداربن و بچنە ناو موسڵ.

ئەو لەکاتێکدا ئەنکەرە لەهەموو لایـەك باشتر دەزانێت، رۆڵی داعش بەرەو کۆتایی دەڕوات و لە کۆبونەوەی سێ قۆڵی (ئەنکەرە، ریازو دوحە) لەکەنداو ئەم فایلە باسکراوە و هەموویان جەختیان لەوەکردۆتەوە، کە داعش دەبێت رۆڵەکەی تەواو بێت و هەوڵبدەن بیکەنە رەوتێکی سیاسی رێگەپێدارو لە عێراق، لەژێر

ناوو لۆگو دەموچاوێکی نوێدا، لەبابەتی حەشدی نیشتمانی، کە گومان دەکرێت بەشێك لەچەکدارانی داعش لەناو ئەم رەوتە دروستکراوەی سوننەکاندا هەبن، لەداهاتووشدا جێگەی زۆرتریان بۆ بکرێتەوەو شەرعیەتی پێبدەن، ئەمە لەکاتێکدایە لە چەند رۆژی رابردوودا ئەفسەرانی کۆنە بەعس و سوننەکان و هەندێك لایەنی تر کۆبونەتەوە بەئاگاداری تورکیا.

عێراقێکی بێهێزـ کە بۆتە مەیدانی ململانێی تەراتێنی هێزە ناوچەییەکان و توندبوونەوەی ململانێی تائیفیەکانی نێوان شیعەو سوننە، رێك ئەو تێزەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کە دەڵێت «مەترسییەکی مەزنە، دەوڵەتێکی بچوك دراوسێی دەوڵەتێکی گەورەو بەهێز بێت».

ئەم تێزە رێك لە ئێستادا بەسەر عێراقدا پراکتیزە دەکرێت و پارچە پارچەبوونی کردویەتییە وڵاتێکی بێهێز و بچوك لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا گەر ئەوە راست بێت، کە «دەوڵەتەکان دەتوانن دۆستەکانی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام ناتوانن دراوسێکانی خۆیان هەڵبژێرن».

بـەڵام عێراق نە دراوسێکانی باشن (جگە لەئێران)، نە لە هەڵبژاردەی دۆستەکانیشی سەرکەوتوو بـووە، تەنانەت لەگەڵ دۆستەکانی دوێنی شاخی کە کوردەکانن، پەیوەندییەکانی تێکیداوە، بۆیە تورکیا ئەم رەوشە خراپەی عێراقی باش ناسیوەو دۆستەکانی خۆیشی هەڵبژاردووە.

چونکە لە سیاسەتی تورکیدا شتێکی گرنگ هەیە، کە دەڵێت «تورکیا هەمیشە بەدوای دۆستدا دەگەڕێت، توانای دۆزینەوەی دۆستیشی هەیە، تەنانەت بەبێ گوێدانە ئەمەریکاو ئەوروپا».

ئەنکەرە هەڵەیەکی گەورەیکرد ڕێگەی بە تێپەڕبوونی هێزی هاوپەیمانان نەدا بەخاکەکەیدا تێپەڕبن لە 2003 بۆ روخانی عێراق، دواتریش زۆرێك لە خەونەکانی لەسەر تورکمانەکان هەڵچنی، بەڵام ئێستا دۆستەکانی ئەنکەرە لە عێراق لە ئەمەریکاو ئێرانیش زۆرترو زیاترن، ئەگەرچی دوژمنەکانیشی لەسنورەکان چ دەرەکی و چ ناوخۆیی کەم نین.

ئەوە جیا لەوەی تێڕوانینی تورکیا بۆ عێراق تێڕوانینێکی مێژوویی و سیاسییە، هێشتا چاویان لە موسڵە وەکو ویلایەتی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەمبارەیەوە جەنەڕاڵێکی تورك دەڵێت»بەدرێژایی 400 ساڵ عێراق لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بووە».

بۆیە بەم حاڵەی ئێستای عێراقەوە، نابێ چاوەڕوانی هیچ کاردانەوەیەکی بەغداد بکرێت (ئەگەر ئێران نەیەتە گۆڕەپانەکە)، دەکرێت ئێران چەندە نیگەران بێت لەم پەلاماردانە، هێندەش خۆشحاڵ بێت بەوەی عێراق تەڵەیەکە بۆ تورکیا، رەنگە ئەفغانستانێکی 1979 بێت بۆ تورکەکان و هەڕەشەکانی عەبادیش لە مەسجی نێردراوی تاران دەچوون، تا دەربڕینی عێراقیانەبن، حەماسی شیعەبوونی پێوە دیاربوو، تا سەرۆك وەزیرانێکی عێراقی.

تاران پێیخۆشە، ئەنکەرە لە ئاستی سیاسی، سەربازی میدیایی زۆرتر، وەکو شەڕانگێز و میلیتارسیتی شکستخواردو و لەناوچەکە وێنابکرێت، ئەگەرچی تاران بەپێچەوانەی ئەنکەرە زۆر سەرکەوتو و بووە لەناردنی قەیرانەکانی بۆ دەرەوە، بەڵام پارادۆکسێك هەیە لەنێوان تورکیاو ئێران ئەویش ئەوەیە زۆربەی سیناریۆ و روداوەکانی ناوچەکە، کە لە قازانجی تورکیایە، لە زەرەری ئێرانە و پێچەوانەکەشی راستە.

دیقەت بدەین، تاران لەیەمەن شەڕی سعودییە دەکـات، لە لوبنان شەڕی ئیسرائیل، لە سوریا شەڕی تورکیا، لە بەحرێن شیعە نیشینەکان، لە ئەفغانستان ململانێی پاکستان دەکات، لە عێراق شەڕی ئەمەریکای کرد و ئێستاش شەڕی تورکیا، سعودیە و قەتەر دەکات.

واتا ئێران ئەو تێزەی هاشمی رەفسنجانی پیادە دەکات، کە لەساڵی 1988 لە رۆژنامەی کەیهان وتبووی «لە شەڕی عێراق زەرەرمـان کرد، بەڵام بەڕوو سوری هاتینەدەر، بەڵام جارێکی تر رێگەنادەین لەناو خاکی خۆمان شەڕ دروستبێت».

ئەمە رێك ئەو تیۆرەییە لە ساڵی 1988 تاران پیادەی کردووە، تاران بەم تیۆرەی دوو سودی گەورەی کردووە:

**یەکەم:** لەدوای هاتنە سەرکاری ئێران لەساڵی 1979 گەورەترین گەرایشی شیعەگەرایی لە ناوچەکە کۆکردەوە، کە لەسەد ساڵی رابردودا وێنەی نەبووە.

**دووەم:** بەم گەمانە، فشاری دروستکرد، ئەمەریکا - گروپی 5 +1 ی هێنایە سەر قەناعەت، کە پاشەکشە لەو دۆسیانە دەکات لەبەرامبەر رێککەوتن لەگەڵیدا، گەر بەزەرەری خۆیشی بێت، چەکە ناوەکییەکانیشی لێوەربگرنەوە، چونکە ئەگەر ئەم کارەی نەکردایە، دوور نەبوو چارەنوسی ئێرانیش، هاوشێوەی سوریایی لێ بێت.

بەڵام تورکیا بڕیاریداوە، کە لەناوخۆیی شارەکانییەوە شەڕ دەستپێدەکات، کۆمەڵکوژی کاندیدە هەڵبژێردراوەکان بکات، بەڵام هەرگیز تورکیا لەوە تێناگات، کە «دەشێت کوردەکان موسڵمان و سوننی، یان عەلەویی بن، بەڵام کوردن، نەك تورك، ئەگەر ئاڵای تورکیاش لە دیاربەکر، ماردین و وان بشەکێتەوە»، بەڵام تورکیا

نایەوێت ئەمە بسەلمێنێت، هەر بۆیە هەندێکجار باس لەوە دەکرێت، پاش 93 ساڵ لە شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستبوونی تورکیای نوێی (ئاتا تورك)، باس لە دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی دەکرێت لەسەر دەستی ئەردۆگان لە ساڵی (2023).

بۆیە دەکرێت بڵێین سنوربەزاندنی تورکیا چەند گریمانەی لەپشتەوەیە:

1- پرۆژەیەك هەیە بۆ دابەشکردنی عێراق: تورکیا دەیەوێت لە وەها حاڵەتێکدا موسڵ داگیر بکات، وەکو چۆن لە قوبرس ئەوکارەی کرد، ئەگەر ئەم پرۆژەیە ئیمکانی هەبێت، ئەنکەرە دەیەوێت نزیکتر بێت لە سنورەکان، یان بیەوێت بە ئاسانی دەستی بە موسڵ رابگات، ئەگەر پێویست بکات سیناریۆی هاوشێوەی شەنگال لەبابەتی چۆڵکردنی موسڵ دروستدەکات.

2- شکستی پرۆژەی کانتۆنەکانی خۆرئاوا: هێرشەکانی تورکیا بۆ ئەوەیە تا لەلایەکەوە فشارەکانی بۆ داخستنی سنورەکان زیاتر بکات، باشتر ئابڵوقەیان بدات، لەهەمانکاتدا ئەو ناوچانە بەتەواوی کۆنترۆڵبکات، کە ناوچەی جوگرافی هاتوچۆی پەکەکەو پەیەدەن.

3- داخستی پردی پەیوەندی، خەتی تەماسی قەندیل - شەنگال: بەتایبەتی لە بەعشیق و ناوچەکانی بادینان، یان ناوچەکانی سۆران، چونکە ئەنکەرە بیر لەهەموو شێوازەکان دەکاتەوە، بۆ ئابڵوقەدانی کانتۆنەکان، دەرپەڕاندنی پەکەکە لە شەنگال.

4- ئەنکەرەو (پ.د.ك) هەوڵی دورخستنەوەی پەکەکە دەدەن: یەپەژە لەرزگارکردنی شەنگال رۆڵی هەبوو، بەڵام بۆ رزگارکردنی موسڵ نایانەوێت بەشداری پەکەکە دوبارە بێتەوە، گەر بەنرخی شەڕو پێکدانیش بێت، رێگە نادەن پەکەکە لەشەنگالەوە بپەڕێتەوە

بۆ موسڵ، بۆیە گەر ترسی پێکدادانی چەکداری لەنێوان تورکیا و پەکەکە، یان پارتی و پەکەکە رووبـدات، ئەوا لە موسڵ و ساتی ئۆپراسیۆنی موسڵەوە دەبێت، وەکو یەکێك لەسەرکردەی پەکەکە وتی»وا پێشبینی دەکەین تورکیا (2000) جەندرمەی لەخاکی باشور لێ بکوژرێت، بەبۆچونی ئەو سەرکردەیە پەکەکە سڵ لە شەڕی تورکیا ناکاتەوە لەباشور، تەنانەت لە هاوکاری هاوپەیمانەکانیشی، کە دیارە مەبەستی پارتی بوو».

5- هاتنی تورکیا، بەئاگاداری بـەرەی سوننە و پارتی، ئێران نیگەران دەکات: تورکیا مەبەستی هەیە لانیکەم لەخاکی موسڵ واتا لـەدەرەوەی سنورەکانی ململانێکانی لەگەڵ ئێران درێژە پێبدات، دوریـش نییە لەو شـەڕەدا سـەڕەرای هێزی ناڕاستەوخۆی ئێران، حەشدی شەعبی و شیعەکان، پەکەکە ئەگەر فراوان بێت، هێزەکانی یەکێتیش بەشداری ئەو شەڕە بکەن، یان تێوە بگلێن، کە بێگومان لە حاڵەتێکی وەهادا تورکیا هاوشێوەی روسەکان لە ئەفغانستان لەسەر خاکی باشور تێکدەشکێنن.

6- تورکیا کشانەوەی لەناوچەکە وەکو کارت لەگەڵ روسیا دەگۆڕێتەوە: ئەگەر ئەمە رووبدات گەڕانەوەی تورکیا لەو شوێنانە لەبەرامبەردا روسیاو ئێران دەست لە پشتیوانی پەیەدە، سوپای ئەسەدو کشانەوە لەیەمەن دەست هەڵبگرن، کە پێناچێت ئەم سیناریۆیە هیچی لێ سەوز ببێت، بتوانێت روسیا، یان ئێران قەناعەت پێبکات.

7- تورکیا چاوی لەبیرە نەوتەکانی موسڵە: لەرووی ئابوریشەوە دەتوانێت رۆڵی گەورەی هەبێت لە بوژاندنەوەی ئابوری ئەو وڵاتەدا.

خاڵێکی جـەوهـەری لەسیاسەتی تـورکـیـادا گـۆڕانـکـاری

بەسەرداهاتووە، کە دەرئەنجامی دراسە و لێکۆڵینەوەی وردی دەزگاو دامەزراوە سیاسی و ئابوری و هەواڵگرییەکانیەتی:

ئەکەپە و ئاردۆگان بەپلەی یەکەم نوێنەرایەتی ئەم ئاڵوگۆڕە دەکەن، بەشێوەیەك لە ساڵی 1992 لە دروشمی رووخانی حکومەتی هەرێمەوە گۆڕاوە بۆ مامەڵەیەکی دیفاکتۆ لەگەڵ هەرێم، یان لانیکەم لەگەڵ پارتی و دانانی ئاڵای کوردستان لەپاڵ ئاڵای تورکیا، بەمەش چەند ئامانجی ستراتیژی پێکاوە:

**یەکەم: لێدانی پەکەکەو ئیحتواکردن:**

تورکیا بۆ هەر پرۆسەیەك و هەنگاوێکی بۆ هەر پرۆژەیەك نابێت، رەچاوی بێهێزکردنی پەکەکەی کردووە، وەکو سەرسەخترین نەیارو دوژمنی خۆی، بۆیە نزیکبوونەوەی لەهەرێم لەدەیەی نەوەدەکان توانی پارتی و یەکێتی بێنێتە سەر قەناعەتێك، کە شەڕی پەکەکە بکەن و کردیشیان، ئەم هەنگاوە بووە مایەی دامەزراندنی بنکەی سەربازی و هەواڵگری دەزگای میت، بەتایبەتی لەناوچەکانی بادینان و تائێستاش درێژەی هەیەو لەشکرکێشی ئەمجارەشی درێژەی پیلان و پلانەکانی رابردووە، بەڵام ئامانجی گرنگتری بۆ تورکیا هەیە، رازیکردنی لانیکەمی پارتییە بۆ شەڕی دوبارەی پەکەکەو فاکتەری یاریدەدەریش زۆرن بۆ ئەوکارە لە بابەتی گرژی و ئاڵوزی نێوان پەکەکەو پارتی، پەیوەندی بارزگانی قەبەو زەبەلاحی هەردولا، کە ئەنکەرە زەمینەی بۆ ئەوکارە زۆرباش خۆشکردووە و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەش لە رۆژئـاوا، باکور و باشور بەشێوەیەکە، ئەنکەرە دەیەوێت پێش ئەوەی کە پەلاماری هەدەپە لەباکور، کانتۆنەکان لە رۆژئاوا، گەریلا لە شەنگال، تیرۆرکردنی سەرکردەکانی پەکەکە لەئەوروپا بدات،

دەیەوێت بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لە لەقەندیل تەفروتونا بکات، تەنانەت هەواڵەکان باس لەوە دەکەن، میت سیناریۆی جەهەننەمی چاندووە بۆ رفاندن، یان خستنە داوی جەمیل بایك (جومعە)، موراد قەرەیلان تا رەوانەی ئیمڕاڵیان بکات: وەکو چۆن پێشتریش پارچەکانی فرۆکەیەکی ناردبوو بۆ شارۆچکەیەکی نزیك قەندیل ئەو کارە ئاشکرا بوو سەری نەگرت.

بۆیە ئەولەویەتی هەنگاوی تورکیاو هەموو تێڕوانینە سیاسی، ئابوری، دیبلۆماسییەکانی، بێهێزکردنی پەکەکەو تێکشکاندن و ئیحتواکردنی پەکەکەو پەیەدەیە.

**دووەم: دۆزینەوەی بازاڕی وزەو کاڵای هاوردەو هەناردە:**

بەدرێژایی دروستبوونی تورکیا، هێندەی ئەم چەند ساڵە سادە، ئاسان بازاڕی کاڵا، کەلوپەلی هەناردەو هاوردەی دەستگیرنەبووە، کە سەد دەرسەد قازانج بکات و زۆرترین داهات بچنێتەوە بە کەمترین تێچوون، بەتایبەتی لەدوای دەرهێنانی نەوت و گاز لەهەرێم، کە باشترین سەرچاوەی وزە بووە بۆی و زۆر لێزانانە رۆڵی هەبووە لەسەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی قەیرانەکانی نێوان بەغداد، هەولێر، خوڵقاندنی داعش و دروستکردنی قەیران و ئاریشە لە موسڵ و خەریکردنی عێراق بەو شەڕوشۆڕە، تاڕادەی مەترسی خستە سەر دڵی دەوڵەتی عێراق (بەغدا).

پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە سێ توێژەر ئامادەیان کردووە بەناوی سونەر جاخپتای، کریستینا باشفیدان، ئیجە سانسوساسیکرا، لەژێر ناونیشانی تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرژەوەندی ئابوری هاوبەشی رانەگەیێنراو، لە 16 ئازاری 2015 باس لەو پەیوەندییە بازرگانیانە دەکەن:

ساڵی 2007 لە کاتێکدا پەیوەندی تورکیاو هەرێم لە نزمترین ئاستیدا بوو، بڕیاری کرانەوەیدا بەرووی هەرێم و هەنگاوی ئابوری ناو، وردە وردە گەشەی بەو پەیوەندییە ئابوریانەدا بەشێوەیەکی رانەگەیەنراو.

رێژەی ئەو ئاڵوگۆڕەو هەناردەی تورکیا لەساڵی 2007 بۆ هەرێم سەرەتا گەیشتە (1,4) ملیار دۆلارو هەرێم بووە 19هەمین هاوبەشی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ تورکیا، ساڵی 2011 ئەو رێژەیە بەرزبووە بۆ (5,1) ملیار دۆلارو ریزبەندی 6هەمینی داگیرکرد، بەڵام ساڵی 2013 ئەو رێژەیە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بازدانێکی بێ وێنەی بەخۆیەوە بینی، گەیشتە رێژەی (8) ملیار دۆلارو هەرێمی کوردستان بووە 3 هەمین بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانی تورکیا.

ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە هەناردەی عێراق لەنێوان ساڵانی (2007 – 2014) لەنێوان (87 – 153) ملیۆن دۆلار بوو، بێجگەلە هەناردەی نەوت و گاز.

رێژەی کۆمپانیا تورکییەکان لەساڵی 2009 نزیکەی (485) کۆمپانیا بووە، بەڵام ئەم رێژەیە لەساڵی 2013 گەیشتە (1500) کۆمپانیاو پلەی یەکەمی گرت لەئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

لەهەموو بوارەکانی کشتوکاڵی، بانك، زانست، کارەبا، تەندروستی، دەرهێنانی نەوت و گاز، پەیوەندی بێتەل، گواستنەوەو گەیاندن و پیشەسازی.

لەبواری هاتووچۆی هاوڵاتیان لەنێوان تورکیاو هەرێم، رێژەی ئەو هاوڵاتییە تورکانەی سەردانی عێراقییان کردبوو لەساڵی 2006 تەنها (481371) کەس بوو، بەڵام ئەم رێژەیە لەساڵی 2010 بووە (1,298,319) کەس.

لەبواری گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان هــەردوولا، ساڵی 2004 دەستیانکرد بەبونیادنانی فرۆکەخانەی هەولێرو بڕیاربوو لەساڵی 2016 فڕۆکەخانەی دهۆکیش تەواوبکەن، ساڵی 2011 هەفتانە (40) گەشت لەنێوان تورکیا و هەرێم هەبووە، ئەم ڕێژەیە لەساڵی 2014 بەرزبۆتەوە بۆ (78) گەشت لەهەفتەیەکدا.

لەبواری وزەدا، تورکیا (90%) نەوت و لە (98%) گاز لەدەرەوە هــاوردە دەکــات، لەئێستاشدا (تا پێش رودانــی قەیرانی فرۆکە روسییەکە) هەرێمی کوردستان سێهەمین سەرچاوەی هاوردەی نەوت و گازی تورکیا بوو لەدوای روسیاو ئێران.

واتا تورکیا ساڵانە (60) ملیار م3 وزەی هاوردە کردووە، لەوەش (50) ملیار م3 گاز بووە و واش چاوەڕواندەکرێت بۆ ساڵی 2030 ڕێژەی پێویستی وزەی هاوردەکراو بگاتە (72) ملیار م3.

گەر ئەوەش بزانین یەدەگی گازی هەرێمی کوردستان بەنزیکەی (5) تریلیۆن م3 خەملێنراوە و یەدەگی نەوتی هەرێم بە (45) ملیار بۆشکە مەزندەدەکرێت، بەم پێیە ئەم دوو ڕێژەیە (30 – 60) ساڵ پێداویستی وزەی تورکیا دابین دەکات.

**سێیەم: رۆڵگێڕانی تورکیا لەناوچەی نفوزی ئێران:**

ئەنکەرەو ئێران لەناوچەکەدا، وەکو دوو زلهێز رۆڵدەگێڕن، بەئاراستەی جیاواز، ئیدۆلۆژیای جیاواز، جەمسەرگیری جیاواز، بەڵام بەدوای روداوەکانی بەهاری عەرەبی ململانێی ئەم دوو زلهێزە ناوچەییە بەرچاوتر بوو، بەتایبەتی ململانێی تایفی، رۆڵگێڕانی ئابوری، سەربازی ئەوان، سەرهەڵدانی داعش و روداوەکانی سوریا دوو رووداو بوون، کە رۆڵی ئەوانی زۆرتر رەنگرێژ کرد و هەرکامیان

دەستیاندایە باڵی ئەو گروپە تیرۆریست و تۆتالیتارە، دەکرێت بڵێین داعش زادەی مانەوەی ئەسەدو پشتگیری تاران بوو بۆ سوریا لەلایەن تورکیاوە، بەڵام ئێستا تورکیا بە عەلەنی لەهەرێمی کوردستان و سنورەکانی موسڵ، کە ناوچەی نفوزی ئێرانن بەجۆرێك روسیایە رۆڵیدەگێرێت، رۆڵگێڕانێك جارێك بۆ پشتیوانی لەداعش، وەکو گروپێکی سونی نەیاری شیعەو عێراق و هەژمونی ئێرانی، رۆڵگێڕانێك کە نوێنەرایەتی باڵی مەزهەبی سوننەی ریاز و دەوحە و دوبەی دەکات لەناوچەکەدا، ئەوە جگەلەوەی ئەنکەرە هاوپەیمانی دوو هێزە (داعش و پارتی)یە، کە پارادۆکسێکی گەورەی لێ بەدیدەکرێت و تاکە خاڵی هاوبەش، کە ئەم دوو هێزە کۆبکاتەوە، تێڕوانینیانە سەبارەت بە پەکەکەو پەیەدەو رۆژئاوا، ئەم سێ خاڵە جەوهەریەش بۆ ئەنکەرە پارادۆکسەکەی کردۆتە خاڵی هاوبەش.

لەداهاتوشدا ئەگەر هەرێمی سوننەش دروستبێت، دوو هەرێمی هاوپەیمانی ئەنکەرە دەبنە هاوسێی، کە لەسەر زۆربەی فایل و ئەجێنداکانی ناوچەکە کۆکن، کارتێکی بەهێزیشە بۆ پچڕاندنی ئەو هیلالە شیعیەی لە تارانەوە دەستپێدەکات بە بەغدادا دەگاتە دیمەشق، بیروت، باشوری لوبنان و سنورەکانی ئیسرائیل.

تاکە کارتی فشاری بەرچاو، کە بەدەست ئێران، عێراق و تەنانەت روسیاشەوە ماوە بۆ شلەژان و گرفت دروستکردن بۆ ئەنکەرە، لەپاش فایلی سوریا، پاڵپشتی بەهێزی سەربازییە بۆپەکەکەو پەیەدە، تا فشارەکانی سەر ئەنکەرە لەلایەن قەندیل و خۆرئاوا زیاتربکات، بەڵام ئەم پشتیوانییە هەدەپە ناگرێتەوە، چونکە ئەم وڵاتانە هاوکاری هێزی مەدەنی و دیموکراسی و دیفاکتۆ ناکەن، کە دەزانن دەبێتە گەشەی هەستی ناسیۆنالیستی کوردی و دامەزراوەی فەرمی و گەشەی

خەونی سەربەخۆیی کوردستان، یان خۆسەری دیموکراسی، بەڵکو یارمەتی بزوتنەوەیەکی چەکداری شاخ دەدەن، کە چارەنوسی دیار نییەو هێزێکی یاسایی و رەسمی نییەو لەناو چوارچێوەی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگانی نێودەوڵەتیش وەکو تیرۆریست ناسراوە، بۆیە رەنگە خاڵی یەکەمی بەریەککەوتنی ناکۆکی نێوان ئەنکەرە - تاران کوردستانی باشور بێت لەنێوان (پارتی و پەکەکە)، وەکو چۆن بۆ ئەنکەرەو تارانیش راستە.

عێراق تابڵۆیەکە هەموو لایەنەکان چاویان لەسەریەتی، هەمووشیان کارتی جیاوازیان پێیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

لەچەند ساڵی رابردودا، عێراق مەیدانی تەراتێنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و لەهەموو بوارێکدا لە عێراقدا دەخالەتی کردووە، یان دەتوانین بڵێین، هەر خودی ئێران بووە عێراقی بەڕێوەدەبرد، بۆیە لە گەرمەی شەڕەکانی یەمەن لە هاوینی رابردودا، یەکێك لە بەرپرسانی ئێرانی وتی «ئێمە پێنج پایتەخت بەڕێوەدەبەین (تـاران، بەغدا، دیمەشق، لوبنان، سەنعا)» ئەمە راستە بەو مانایەی هەژمoonی شیعە، بەشێوەیەکی بەرچاو لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیادیکردووە.

کەواتە کاتێك عێراق مەیدانی تەراتێنی سوپای پاسداران بێت، لەژێر ناوی پارێزگاری لەشوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلاو هاوکاری حەشدی شەعبی دەستگرتن بە بەغداو هێزە شیعەکانەوە.

لەبواری مەنتقیدا ئەمە بۆ تورکیاش راستە، بەناوی پاراستنی تورکمانەکان و پارێزگاری لە سوننەکان، هاوپەیمانەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری، سیاسیەکانی بۆ لێدانی گروپی تیرۆریستی پەکەکە (وەکو خۆیان دەڵێن) واتا گەر هاتنی سوپای پاسداران بۆ عێراق رێگاپێدراو و جائیز بێت، ئەوا بۆ جەندرمەو میتیش راستە.

بەتایبەتی گەر ئەوە بزانین، عێراق دەوڵەتێکی هێندە بێهێزو لەرزۆك و شڵۆقە، نە خاوەنی سوپایەکی بەهێزی نیشتمانییە (چونکە سوپای عێراق ئینتمای تائیفی و ئیتنی هەیە نەك نیشتمانی) سەرەڕای بوونی ململانێی سوننی- شیعی، کوردی- شیعی، گرفتی فەسادو گەندەڵی، ڕۆڵی میلیشا شیعەو سوننەکان، شێوەی گروپی چەکدار و مافیایی، وایکردووە کە هەر وڵاتێك بتوانێت سوپاکەی بنێرێتە عێراق و حساب لەسەر سیادەو سەروەری عێراق نەکات.

بۆیە ئەنکەرە بەئاگاداری پارتی دیموکراتی هاتووە، بەڵام بۆ ئیستفزازی ئێران و شەڕی پەکەکەو دەستبەسەرداگرتنی موسڵ هاتووە (کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، داعش موسڵ چۆڵدەکات، پارتی، تورکیاو سوننەکان کۆنترۆڵی دەکەن، ئیتر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بەسەردا ناڕوات و تورکیا سودمەندی یەکەم دەبێت لە نەوتی موسڵ).

پـاراك خانا نوسەری ئەمەریکایی دەڵێت «تورکیا دوو لقی سەرەکی هەیە، لقێکی خۆرهەڵاتی ئەوروپاییە، لقێکی دەروازەیەکە بۆ سەر مەترسیدارترین ناوچەکانی دنیا، کە سوریاو عێراق و ئێرانن».

بێگومان لانیکەم ئێستا دوو وڵاتی مەترسیدار (عێراق و سوریا) دراوسێی تورکیان، ئەنکەرە ئەم ڕاستییە باشتر دەزانێت، کە ئەم دوو دەوڵەتە لەئێستادا چەند مەترسیدارن و ئەگەر ئێرانیشی بۆ زیاد بکەین، کە بەنیسبەت تورکیاوە، ئێرانیش دراوسێیەکی مەترسیداریەتی، یان هەموو مەترسییەکانی سوریاو عێراقیش لە ئێرانەوە سەرچاوەدەگرن، هەر خودی ئێران مەترسییە سەرەکییەکەیەو داینەمۆی سەرەکی دیمەشق و بەغدایە، هەمووشیان ئالودەن بە مەترسییەکی جدی، کە گەرایشی شیعەگەراییەو لەئێستادا ئەمە

چەمکە گەرایشێکی هێندە بەهێزە لەگەڵ ناوهێنانی ئێران، یەکسەر فکرمان بۆ شیعە گەرایی و سعودیە بۆ سوننەگەرایی دەچێت.

بۆیە ئێستا تورکیا هەر هەنگاوێك لەناوچەکەدا دەنێت لەچوارچێوەی جەمسەرگیری ناوچەیی (وڵاتانی سوننی دایە) بەتایبەتی بۆ عێراق و سوریا، ئێران، یان یەمەن، ئەمە بۆ هەنگاونانی ئێرانیش راستە.

بەواتایەکی تر پشێویی و قەیران لە (عێراق و سوریا) مانای بوونی پەیوەندی راستەوخۆیە بە تاران و ئەنکەرەوە، چونکە جگەلە کاریگەری تائیفی، بەرژەوەندی سیاسی، ئابوری و جەمسەربەندی (سنوری جوگرافیاش رۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لەو ئاشوب و پشێوێنانەدا).

قسەکەی نیکۆلاس سبایکمان گەر بۆ هەموو وڵاتانی جیهان راستبێت، بەڵام بۆ ئەنکەرەو تاران زۆرتر راستە کە دەڵێت «جوگرافیا گرنگترین فاکتەرە لە سیاسەتی دەرەوەدا، چونکە بەردەوامترینە ... «.

ئەم کاریگەرییە جوگرافییە مانای وایە، ئەو تێزە راستە کە دەڵێت «دەوڵەتەکان دەتوانن دۆستەکانی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام ناتوانن دراوسێکانی خۆیان هەڵبژێرن..... «.

بەڵام ئەوە تازە دیفاکتۆیە، ئەم دوو وڵاتە هاوسنورن و دراوسێن، بەبێ حەز و ئارەزوی خۆیان، کە هیچ کامیان خۆشییان لەویتر نایەت، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە، کە دراوسێکانی ئەم دوو دراوسێیەش کێشەو گرفتن بۆیان، یان لەژێر ناوی هەیمەنەی ئەم دوو هێزەدان و بگرە هۆکاری سەرەکی بۆ قەیران و ملمنلانێی نێوانیان، دراوسێکانیان یان خۆیان لە وڵاتە دراوسێکانیان خولقاندویانە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا.

ئەنکەرەو تاران شەڕی یەکدیدەکەن و لەدەرەوەی سنورەکانی خۆیان و پایتەختەکانیان، بەڵام رۆژێك دێت دەبێت باجەکەی بدەن و خۆشیان بئاڵێنە ئەو قەیرانەوە، رۆژێك دێت لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕانە، نە بەغدا سنوری بە تورکیاوە و نە دیمەشق سنوری بە تورکیاوە بمێنێت.

ئاڵوگۆڕەکان خێران و یادی سەد ساڵەی سایکس – بیکۆش لە 2016/5/16 ئەوەندەی نەماوە بچێتە سەد ساڵەیەوە، رەنگە پاش سەد ساڵ لەو مێژووە شومە دابەشبوونێکی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رووبدات، بەڵام ئەمجارە بەقازانجی گەلانی ژێردەست و هێزە بچووکەکان بێت، کە سەد ساڵ لەمەوپێش بەریتانیا، فەرەنسا، روسیاو وڵاتانی زلهێز غەدریان لێکردن و کردیانە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان، لەهەر ئاڵوگۆڕێکی لەو شێوەیە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا ... یەکەم قوربانی ئەم ئاڵوگۆڕەن.

ئەگەرچی ئەم قەیرانانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەد ساڵی رابردو، ئەم قەیرانانەی ئێستاش لە سوریا، یەمەن، عێراق، لوبنان، ئەفغانستان، مالی، لیبیا، تونس، میسر، جەزائیرو یۆنان و هەرێمی کوردستان و سۆماڵ و سەحرای رۆژئاوا و فەلەستین ..... روو دەدات، بەسیناریۆ و دەستی وڵاتانی زلهێزی جیهان دادەنرێت و رەنگە ئەو نمونەیەی، کە لە جەنگی کۆسۆڤۆ لە کتێبی جیهانی دووەم باسیدەکرێت لە دەیەی نەوەدەکان رابردو باشترین نمونە بێت « سربیا بەدرێژایی 88 رۆژ لەلایەن ناتۆ بۆردومانکراو زیانی زۆری لێکەوتەوە، جگەلە کۆشکێکی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بۆردومان نەکرا؟ چونکە تابلۆیەکی رامبرانتی تێدابوو؟».

# ڕەهەندی ململانێکانی ڕوسیاو تورکیا

**«ڕوسیا مەتەڵێکی بەئاڵۆزی تەنراوی ناو توناو تونی گەورەترین لوغزە شپرزە کارەکانی دنیا»**

**چەرچڵ**

پەیوەندییەکانی مۆسکۆ – ئەنکەرە لەوپەڕی باشیدا بەجۆرێك ئاڵۆزبوون، چاوەڕوان نەکراو بوو، لەکاتێکدا دوو مانگ پێش ئێستا ئەردۆگان سەردانی مۆسکۆیکرد و چەند گرێبەستی گرنگی ئیمزاکرد.

بەڵام خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جۆری M24 ڕوسی لە ئاسمانی سوریا لەلایەن تورکیاوە، هێندە بارودۆخەکەی گرژ کردەوە و گەیشتۆتە ڕادەیەك (میخائیل ئەلسکندرۆڤ) لەناوەندی توێژینەوەی سەربازی - سیاسی دەڵێت «پێویستە مۆسکۆ چەکی ناوەکی لەدژی ئەنکەرە بەکاربێنێت» ئەوەش زیاد دەکات، کە «پێویستە هێرشەکان بەهێز، فراوان، خێرابن و بنکە سەربازییەکان، پەیوەندییەکان، گەنجینە سەربازییەکان، فڕۆکەخانەکان و شوێنە ستراتیژییەکان بکرێنە ئامانج».

ئەم بۆچوونە ئەگەرچی زۆر لۆژیکی نییە، بەڵام ئاماژەیە بۆ توڕەبوونی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی مۆسکۆ لەبەرامبەر تورکیا.

بەدوای ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی لە کۆتایی 2010 و سەرەتای 2011، ڕەوشی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە یەکجاری شێوا، بەڵام کاتێك گەیشتە سوریا نەیارەکانی پێیانوابوو هاوشێوەی

لیبیا، تونس، میسر، یەمەن سیناریۆکانیان دەچێتە پێش، لەم روداوانە فەرەنسا دەخالەتی جدی کرد، بەڵام روسیا پشتی لە دۆستەکانی کردو بێدەنگی هەڵبژارد.

تورکیا وەکو دراوسێی و نەیاری دیمەشق رق و نیگەرانی چەند ساڵەی، وەکو کارەکتەری سەرەکی پرۆسەکە خۆیدەرخست بۆ ئەو کارە، بەڵام دەرکەوت تورکیا ناتوانێت رۆڵی زلهێزێکی یەکلاکەرەوە ببینێت.

ئەردۆگان پێشتر چوو بووە لیبیا، یارمەتی ئیخوانەکانی میسریدا و لینکێکی لەگەڵ ئیسلامییەکانی تونس کردبۆوە، بەڵام نە لەسوریا، توانی ئەو رۆڵە بگێرێت، نە روخانی (بەشار ئەسەد)یش بووە واقیع.

سەرئەنجام سوریا بووە مەیدانی کێبڕکێ و ململانێی هێزە ناوچەییەکان (ئێران، عێراق هاوپەیمانەکانی) و (تورکیا، سعودیە، قەتەرو هاوپەیمانەکانی)، یان مەیدانی ململانێی جیهانییەکانی (ئەمەریکا، ئەوروپاو روسیا).

نەخشەی سیاسی و سیناریۆکانی ناوچەکەو بەتایبەتی لە فایلی سوریا لەپاش مانگی ئۆکتۆبەر و دەخالەتی راستەوخۆی روسیا لەشەڕی داعش زۆربـەی هاوکێشەکانی گـۆڕی، بەشێوەیەك کە چاوەڕوان نەکراو بوو، یان دەکرێت بڵێین لە پاش شەڕی ئەفغانستانی دەیەی حەفتاکان ئەوە یەکەم جار بوو روسیا لە دەرەوە شەڕبکات و هێزەکانی بخاتە جوڵە.

رووخانی بەشار ئەسەد بەسادەو سانایی بەدەستەوە نەهات بۆ ئەو گەرایشەی قولاپی بۆ هەڵدا بوو، درەنگ لەوەش تێگەیشت، کە ئەم حکومەتە لەلایەن مۆسکۆ، تاران، بەغداد، حزبوڵڵا لەناوچەی هیلالی شیعی پاڵپشتی دارایی، سەربازی و هەواڵگری دەکرێت و راوکردنی هێندە ئاسان و سادە نییە.

لەدەرەوەی ئەم هیلالە شیعیەش، جوڵەی کارتەکان پەیوەندی بە ئەجێندای سوریاوە هەبووە، لەبابەتی قەیرانەکانی یەمەن و حوسییەکان، کێشەکانی شیعە لە بەحرێن، قوڵبونەوەی ململانێکانی ئەنکەرە - پەکەکە، سەرهەڵدانی داعش و پەلاماردانی کوردستان و عێراق و ئاریشەکانی بەغدادو هەولێر.

بەڵام؛ کۆی روداوەکانی پشتی پـەردەو کارەکتەرە دۆست و دوژمنەکان لەگەڵ یەکەم ساتی، رۆژی 2015/11/24 و خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی سیخۆی 24 روسی لەلایەن ئەنکەرەوە، خۆی نمایشکرد.

دەخالەتی ئاشکرای روسیا بۆ لێدانی بنکەکانی داعش بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ لایەنە خۆرئاواییەکان، یان ئەنجومەنی ئاسایش ئەوکاتەبوو، کە روسیا هەستیکرد.

هێزە عەرەب و تورکمانەکانی نەیاری ئەسەد و دۆستی ئەنکەرە، دەیانەویست نزیکبنەوە لە لازقیە دڵی پێگەی شیعە عەلەوییەکانی سوریا و بنکەکانی روسیا.

یان هەوڵە مەترسیدارەکانی ئەنکەرە، بۆ دەستڕاگەیشتنی هێزە نەیارەکانی ئەسەد بە عەزایز و جەرابلوس، تا رێگری لەهێزەکانی پەیەدەو پەیەژە بکەن، دەستیان بەو ناوچانە نەگات و نەچنە سەر دەریای ناوەڕاست.

روسیا بۆ تێکشکاندنی سیناریۆی یەکەم و هاوکاری هێزە کوردییەکان لە سیناریۆی دووەم، پێیوابوو دوو کارتی گرنگ لەدەست ئەنکەرە دەردێنێت.

بۆیە تورکیا، هەڵەیەکی گەورەیکرد، کە پێیوابوو بەکەوتنە

خوارەوەی فڕۆکەیەکی روسی دەتوانێت روسیا لەو دور سنورە و دوو ئامانجە دوربخاتەوە.

ئاخر چۆن دەوڵەتی سیاسی و سەرکردەی عاقڵ هەڵەی وادەکات، ئەو هەموو ئاریشەو قەیرانە بۆ خۆی دروستدەکات، کە تۆمەتبارە بەدەیان کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی، کە بزانێت رۆڵی جارانی نەماوە لەناوچەکە و ئاڵوگۆڕ بەسەر کۆی هاوکێشەکاندا هاتووە.

بـەڵام عاقیبەتی کارەکە تورەبوونی مۆسکۆی بەشێوەیەك لێکەوتەوە، کە تورکیا چەند دەیەیە توشی حاڵەتی وا پڕ لە شەرمەزاری نەبۆتەوە، تورکیا دیارە ئەو رستەیەی چەرچڵی نەبیستبوو، کە وتبووی «روسیا مەتەڵێکی بە ئاڵۆزی تەنراوی ناو توناو تونی گەورەترین لوغزە شپرزە کارەکانی دنیایە».

ئەنکەرە هێندە قەیران دەوریداوە لەگەڵ ئێران، عێراق، سوریا، پەکەکە، فایلی کۆچ، خولڤاندنی داعش ..... دەرەقەتی زۆریان نایەت، بۆیە هەمیشە بیر لەشەڕی نەیارانی دەکاتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو تێزەی کە دەڵێت «جەنگ ئامرازی سیاسی نییە، بەڵکو نیشانەی شکستخواردنە .... !» بێگومان ئەمە بۆ ئەنکەرەش راستە، بەڵام لەهیچ کام لەو جەنگانەدا براوە نەبووە، بەم جەنگە ساردەی روسیاشەوە.

تورکیا دەبێت لەوە تێبگات بەم دەموچاوە سیاسییەوە، بەم حاڵەیەوە ئیتر ناتوانێ رۆڵی جەنگی سارد و ململانێی ئەمەریکا و سۆڤیەت بگێڕێت، ئیتر ئەمەریکاو ئەوروپاش تاقەتی ئەو هەموو نازکێشانەی ئەنکەرەیان نەماوە.

راپرسییەك لەو بارەیەوە ئەنجامدراوە كە:

- ئایا ململانێكانی مۆسكۆ- ئەنكەرە زیاد دەبن؟ 80% دەڵێن بەڵێ.

یان

- بارودۆخەكە ئارام دەبێتەوە؟ 19,8% دەڵێن بەڵێ.

خۆ ئەگەر وەڵامەكانی یەكەم راست بێت، كێ زەرەرمەندە؟ بێگومان ئەنكەرە.

ئامارەكان باس لەوە دەكەن:

* 55% غازی سروشتی توركیا لە لایەن روسیاوە دابیندەكرێت.

* ژمارەی گەشتیارانی روسی بۆ توركیا چوار ساڵی دوایی بەمشێوەیەیە.

- 2012 3,6 ملیۆن گەشتیار.

- 2013 4,3 ملیۆن گەشتیار.

- 2014 4,5 ملیۆن گەشتیار.

- 2015 تا مانگی ئەیلول 3,3 ملیۆن گەشتیار.

* رێژەی هەناردەی توركیا بۆ روسیاش بەمشێوەیە، كە ساڵانە دەگاتە (5 ملیارو 943 ملیۆن دۆلار) بەمشێوەیەیە:

- لەبواری رستن و چنین 910 ملیۆن دۆلار.

- لەبواری ئۆتۆمبێل 680 ملیۆن دۆلار.

- لەبواری ئامێرو كەلوپەل 610,7 ملیۆن دۆلار.

- بەرهەمە كیمیاوییەكان 378,6 ملیۆن دۆلار.

- لەبواری جلوبەرگ 303,2 ملیۆن دۆلار.

- لەبواری پلاستیك 297,7 ملیۆن دۆلار.

واتا لەم ریزبەندییەدا تورکیا پلەی حەوتەم داگیردەکات، لەناو وڵاتانی هەناردە بۆ روسیا، کە کۆی ئەو پرۆژە تەواوکراوانەی تورکیا رادەستی روسیای کردووە، بەبڕی (3,9) ملیار دۆلار بەڕێژەی 47 پرۆژە، جگەلەوە تورکیا پلەی سێیەم داگیردەکات، کە روسەکان ئارەزوی کڕینی زەوییان هەیە لە تورکیا.

ئامارەکان باس لەپەیوەندی بارزگانی روسیاو تورکیا دەکەن و بە (25 - 50) ملیار دۆلاری ساڵانە دەژمێردرێن.

لەکاتێکدا پەیوەندی بازرگانی نێوان روسیاو تورکیا لەساڵی 2010 نزیکەی (26,2) ملیار دۆلار بوو، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە بەرێژەی (17,3%) بەرزبۆتەوە بۆ (31,2) ملیار دۆلار بۆ ساڵی 2014.

بە تەنها ئاڵوگۆڕی نۆ مانگی ساڵی 2015 ئەو رێژەیە گەیشتە (18,5) ملیار دۆلار.

ئەمە لەکاتێکدایە کۆی گشتی هەناردەی تورکیا بۆ ساڵی رابردو بڕی (157,6) ملیار دۆلار بووە، کە (5,9) ملیار دۆلار بۆ روسیا بووە، بەرێژەی (3,8%)ی کۆی گشتی هەناردەی تورکیا.

بەڵام لە نۆ مانگی 2015، کۆی گشتی هەناردەی تورکیا (107,3) ملیار دۆلار بوە و لەو رێژەیە (2,7) ملیار بۆ روسیا بووە بە رێژەی (2,5%) کۆی گشتی هەناردەی تورکیا.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن لەماوەی 5 ساڵی رابردودا، هەناردەی روسیا بۆ تورکیا (10 – 11%) کۆی گشتی هـاوردەی تورکیای پێکهێناوە، بە تایبەتی لەبواری غازی سروشتی و ئاسن و گەنم.

لەکاتێکدا کۆی گشتی هاوردەی تورکیا لەماوەی ساڵی 2014 (242,2) ملیار دۆلار بووە، بۆ نۆ مانگی ساڵی 2015 (156,3) ملیار بووە.

بەڵام لەرابردوودا، کۆی گشتی هەناردەی روسیا بۆ ساڵی 2014 (496,6) ملیار دۆلار بوو لەبەرامبەر رێژەی هاوردەی (380) ملیار دۆلار بووە، لەو رێژەیەش بایی (5,1) ملیاری لە تورکیاوە هاوردە کردووە، کە دەکاتە رێژەی (1%) کۆی گشتی هاوردەی روسیا.

سەرەڕای ئەو ژمارەو ئاڵوگۆڕە بازرگانیانە، روسیا چەند بڕیاریداوە:

- بێ بەشبوونی تورکیا لە غازی سروشتی روسیا، کە بەهای ساڵانەی 22 ملیار دۆلارە.

- بێ بەشبوونی تورکیا لە بەرهەمە نەوتییەکانی روسیا کە 12% لە روسیاوە دابین دەبێت.

- هەڵوەشاندنەوەی پـڕۆژەی (اکیو)، کە بـەوزەی ناوەکی کاردەکات، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، کە بڕیار بوو لەشاری مێرسین بەبڕی (22) ملیار دۆلار دابمەزرێت بۆ ساڵی 2019 تەواو ببێت، کە توانای بەرهەمهێنانی 4800 مێگاوات کارەبای هەبوو.

- شکستی پـڕۆژەی ناردنی غازی سروشتی روسیا بۆ تورکیاو ناردنی بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا، بەناوی (رێژەی تورکی)، کە ساڵانە توانای رەوانەکردنی (63) ملیار م3 هەیە.

- رێگری لە گەشتیارانی روسیا بۆ تورکیا.

- لەمەودوا وەرگرتنی فیزە بۆ هاوڵاتیانی تورکیا بۆ روسیا، کە پێشتر پێویست نەبوو.

- دابەزینی بەهای لیرەی تورکی.

خستنە خوارەوەی فرۆکە روسییەکە، گەر توانیبێتی مەسجێك بداتە ئەمەریکاو ئەوروپا، کە دەتوانێت بەنوێنەرایەتی ئەوان شەڕی روسیا بکات، وەکو چۆن لەسەردەمی جەنگی سارد کردویەتی، یان سەر لەنوێ راکێشانی سەرنجی ئەمەریکاو خۆرئاوایە، تا پاش ئەو

نیگەرانیانەی هەیانبوو لە پشتیوانی تورکیا لەداعش، کردنەوەی دەرگا بەروی کۆچبەراندا، نەپاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان، هاوکاری ئەوان بەدەستبێنێتەوە.

یان مەسجێکی دابێت بەوڵاتانی کەنداوی فارسی (سعودیەو قەتەر) کە دەتوانێت بەردەوام بێت لەفشار بۆ سەر سوریا و ئێرانی نەیاری ئەوان، بەڵام ئەوەش راستە هاتنی روسیا بۆ پشتیوانی ئێران و هاوپەیمانەکانیشیەتی.

بەڵام لەهەمانکاتدا، کاریگەری نێگەتیڤ جێدەهێڵێت لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابوری تورکیا.

رەنگە پاش هەر سەوداو رێککەوتنێك لەنێوان مۆسکۆو ئەنکەرە، باجەکەی زۆرتر تورکیا بیدات و لەئاستی دبلۆماسیش توشی ئیحراجی بێت.

یان رووداوەکـە لەئاستی بەرزتر ببێتە وەرەقەیەك لەنێوان مۆسکۆو واشنتۆن، بەوەی مۆسکۆ هیچ کاردانەوەیەکی زۆرتری نەبێت و لەبەرامبەردا چاوپۆشی لە کەیسی ئۆکرانیاو دورگەی قرم و ئەبخازیا بکەن و سزاکانیشی لەسەر سوك بکەن، کە شەش مانگی تر درێژ کراوەتەوە.

جگەلەوەی ئەم روداوە، گەر بەیەکجاریش نەبێت، بەڵام بۆ چەند ساڵی تر روخانی سوریاو رژێمی بەشار ئەسەدی دواخست، ناسنامەی داعش و هاوکارەکانیشی باشتر دەرخست و دەستی روسیاشی زۆرتر ئاوەڵا کرد، تا زیاترو زۆرتر لەدۆستەکانی تورکیا بدات و یارمەتی زۆرتری نەیارانی ئەنکەرەش بدات.

گەر بێتو رێککەوتن و دانوستانیش رووبدات و رەوشەکە ئاسایی بێتەوە، بەڵام روسیا رەنگە کارتە سورو گەرمەکان بەنهێنی و لەجاران باشتر بەکاربهێنێت.

ئەندریە کورتۆنۆڤ سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییە گشتیەکانی روسیا رایگەیاندوە «دەکرێت سود لە کارتی کورد وەکو وەڵام بۆ هێرشەکانی تورکیا، چاوی لێ بکرێت» ئەم بۆچونەی لە بەرنامەیەکی کەناڵی جەزیرە دەربڕی.

کورتۆنۆڤ ئەوەشی راگەیاندوە، کە «پێویستە پشتیوانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بکرێت لەناوخۆو دەرەوەی تورکیاو جەخت لەسەر لێدانی ئامانجەکانی لەسەر سنورو تورکیاو سوریا بکرێت».

سەرچاوە روسییەکان لەو بارەیەوە باس لە پەیوەندییەکانی نێوان روسیاو یەکێتی دیموکراتی (PYD) دەکەن، باس لەوە دەکەن، کە پەیەدە سودی لە ناکۆکییەکانی مۆسکۆ و واشنتۆن وەرگرتووە، بۆ نەکەوتنی کۆبانی و عفرین، هەوڵیداوە دەست بەسەر عەزازدا بگرێت، کە لەژێر دەستی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دایـەو کۆنترۆڵی جەرابلوسیش بکات، کە کۆبانی و عفرین بە یەکەوە گرێ دەدات.

ئەگەرچی یەکێك لـەوان پێیوایە خستنە خـوارەوەی فرۆکە روسییەکە، وەڵامێك بوو بۆ ئەو یاریەی روسیا بە کارتی کوردی کردوە.

بەڵام پێدەچێت پەیوەندییەکانی مۆسکۆو کورد پێشتر بێت، بەتایبەت کە تەنها یانزە رۆژ دوای هێرشەکانی مۆسکۆ بۆ سەر داعش، میخائیل بوگدانۆڤ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی روسیاو نوێنەری تایبەتی ڤلادمێر پۆتین بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپاریس چاویکەوت بە ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پەیەدە.

لەلایەکی تریشەوە رۆژی 21 تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) رابردوو لە مۆسکۆ بۆگدانۆڤ پێشوازیکرد لە هاوسەرۆکی پەیەدە ئاسیا عیمان (عبدوڵڵا)و نوێنەرانی کۆبانی و رێگادان بەکردنەوەی نوێنەرایەتی لەروسیا.

لەلایەکی تریشەوە، 23 تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی رابردوو پۆتین داوایکردبوو، پەیەدە یەکبگرن لەگەڵ هێزەکانی رژێمی ئەسەد بۆ شەڕی نەیاران.

سەرەڕای کارتی کورد لەرۆژئاوا، چاودێران پێشبینی دەکەن پەیوەندییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان بەهێزتربێت لەچاو رابردودا، چەکی دژە فڕۆکەی پێشکەوتوی پێبدات، رەنگە پەکەکەش لەناوخۆ هێرشەکانی زیاتر بکات و فشاری زۆرتریش بخاتە سەر ئەنکەرە.

سەرەڕای کارتی کورد، ئەم بارودۆخەی روسیا لەکاتێکدایە، یەکێك لەهەرە هاوپەیمانە بەهێزەکان، کە ئێرانە، لەوپەڕی بەهێزیدایە لەناوچەکەداو کاریگەری زۆرو زەوەندەی لەسەر ناوچەکەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە (عێراق، سوریا، لوبنان، یەمەن و ئەفغانستان) داناوەو خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران، پۆتینی بە سیاسەتمەدارێکی عاقڵ و ژیرو بەتوانا داناوە.

ئەوە لەکاتێکدایە، ئەمەریکا سەر سەخترین دوژمن و نەیاری روسیاو ئێران، ئێستا داوای هاوکاری زۆرتری ئێران دەکات، بۆ دەرپەڕاندنی داعش لە عێراق و سوریاو شکستی قاعیدەو تاڵیبان لە ئەفغانستان و هێمنکردنەوەی بارودۆخی یەمەن.

یەکێکی تر لە دۆستە نزیکەکانی پێشوی تورکیا لەناوچەکەدا، ئیسرائیل رایگەیاندووە «هێرش ناکرێتە سەر هیچ فڕۆکەیەکی روسی، گەر ئاسمانی ئیسرائیل ببەزێنێت»، ئەمەش پەیامێکە بۆ تورکیا کە پەیوەندی مۆسکۆ و تەلئەبیب لەوپەڕی باشیدایە.

هەموو ئاماژەکان باس لەوە دەکەن، لەم قەیرانەدا ئەنکەرە زەرەرمەندی یەکەمە، چونکە سەرەڕای ئەو ئامارو داتایانەی

خستمانەڕوو، گەر شەڕیش روبدات بەراوردی توانا سەربازییەکانی مۆسکۆو ئەنکەرە زۆر قورسە.

روسیا خاوەنی 766095 سەربازەو خاوەنی 2,485,000 سەربازی یەدەگە، کە تورکیا تەنها خاوەنی 410500 سەرباز، 185630 سەربازی یەدەگە.

لەبواری توانای ئاسمانی، مۆسکۆ خاوەنی 5000 فڕۆکەی جۆراوجۆری و تورکیا خاوەنی 1600 فرۆکەیە.

لەبواری توانا ئاوییەکان روسیا خاوەنی 270 کەشتیگەل و ژێر دەریایی و جۆری ترە، تورکیا خاوەنی 100 جۆرە، جگەلەوەی روسیا خاوەنی یەکەم و زۆرترین چەکی ناوەکی کڵاوەی ئەتۆمییەو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشە.

ئەوەش کە دوو مانگ لەوە پێش، ئەردۆگان سەردانی مۆسکۆیکرد، رایگەیاند کە پەیوەندییە بازرگانییەکانی مۆسکۆ- ئەنکەرە بۆ ساڵی 2023 دەگاتە (100) ملیار دۆلار، لەکاتێکدا ئەو پەیوەندییانە:

- **ساڵی 2007 (22,512) ملیار دۆلار بوو.**
- **ساڵی 2008 (33,849) ملیار دۆلار بوو.**
- **ساڵی 2013 (31) ملیار دۆلار بوو.**
- **ساڵی 2014 (44) ملیار دۆلار بوو.**

ئەگەر ئەوەش بزانین تورکیا پێنجەمین هاوبەشی بازرگانی گەورەی روسیایە، بەرێژەی (4,6%) دوای هەریەکە لە چین، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئیتاڵیا.

جیا لەهەموو ئەوانە، ئێستا روسیا بە گاز پرۆم دەناسرێتەوە، کە بۆتە یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت و گاز.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن، بەهای گازی پرۆم لە 10 ملیار

دۆلارەوە لە 2000 بەرزبۆتەوە بۆ 300 ملیار دۆلار  لە ساڵی 2006، رەنگە رەوشەکە ئاسایی بێتەوە و قەیرانی قەبەتر سەر هەڵبدات، بەڵام تورکیا هەرچی چۆنێك بێت لەسەر ئەم سیاسەتانەی ئەکەپەو ئەردۆگان، بەشی شێری ئەو ئاریشەو قەیرانانەی بەردەکەوێت، دەبێت لـەوەش تێبگات ئەمەریکا ئێستا لەجیهاندا سیاسەتی پارادۆکس پیادە دەکات، زۆرتر لەجاران بەدوای بەرژەوەندییەکانیدا وێڵە، هیچ گرەنتییەکیش نییە ناوچەکە توشی شەڕو نائارامی نەبێت و کێرقی ململانێکان زۆرتر ئاڵۆز نەبن.

لەوانەش گرنگتر ئێستا وەکو باراك خانا دەڵێت «جیهان روو لە ئەمەریکایی نەبوون دەکات».

# دیموکراسی لە وڵاتی
# فرەنەتەوە و مەزهەبدا

دیموکراسی وەکو چەمکێکی سیاسی لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا، بەتایبەتی لە سیستمە سیاسییە تۆتالیتارەکانی جیهانی سێیەم و سیستمە ئۆلگارشییەکاندا، جگە لە مانا حەقیقییەکەی خۆی، هیچ فۆرم و حەقیقەتێکی دیموکراسی پێوە نەماوە.

لەکاتێکدا لەڕووی فەلسەفی و ئەخلاقی و فەلسەفەی لیبرالیزمەوە، چەمکی دیموکراسی، پێوەری سەرەکییە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدیرن و ئازاد و شەفاف و سەرکەوتوو.

عێراق بەو پێیەی لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا (سەردەمی حوکمی پێشوو تا 2003) تا رووخانی بەعس، هەرگیز ئەم مۆدێلەی لە شێواز و سیستمی حوکم و خۆبەڕێوبردندا بەخۆیەوە نەبینیوە و بۆ یەك جاریش بە واقیعی پراکتیزە نەکراوە، بگرە لە شوێنی ئەم مۆدێلە، هەمیشە تۆتالیتاریزم و سیستمی تاکڕەوانەی دیکتاتۆری لەسەرکاربووە، کە هەرگیز نە لە خۆی رابینیوە، میکانیزمەکانی ئەم پرۆسیەیە بدۆزێتەوە و کاریان پێبکات، نە ئەو مافە سەرەتاییەشی داوە بە شارۆمەندەکانی، کە پیادەی سادەترین مافی خۆیان بکەن ،کە هەڵبژاردنە.

راستە لە عێراقدا چەندین جار بەناو هەڵبژاردن کراوە، بەڵام جگە لەوەی گاڵتەکردن بە قودسیەت و بەها پیرۆزەکانی دیموکراسی وهەڵبژاردن، هیچی تر نەبووە.

دەکرێت بڵێین «خراپترین سات لە مێژووی سیستمی سیاسیی عێراقدا، کە هەرگیز شتێك بەناوی پرۆسەی دیموکراسی و

هەڵبژاردنەوە بوونی نەبووە، سەردەمی بەعسە، سەردەمی بەعسیزم و سەدام حسێن بووە و رەنگە هەڵەش نەبێت گەر بڵێین «باشترین سەردەمی زێرین و پراکتیزەبوونی ئەم چەمکە لەپاش رووخانی بەعس لە (2003)وە دەستپێدەکات، بە واتایەکی تر رەنگە زێڕینترین سەردەمی عێراق، ئەو کاتە بێت کە دیموکراسی بە هەموو هەڵە و کەموکوڕییەکانییەوە لە (2003)وە لە عێراقدا پراکتیزە دەکرێت، جا لەژێر هەر ناو و بیانوویەك و مۆدێلێکدا، کە ناو دەنرێت بە (دیموکراسی تەوافقی).

راستە لەناو ئەم مۆدێلە لە سیستمی سیاسیی حکومدا، شتێك نییە بە ناوی دیموکراسیی تەوافقی، بەڵام ئەوە پێکهاتە سیاسییە ناهۆمۆجینەکانی ئەو وڵاتەن کە شتێك لە دیموکراسی دادەنێن و ناوی دەنێن دیموکراسی تەوافقی، کە رەنگە کارێکی خراپ نەبێت، بەڵام لە باری بوونی ئەڵتەرناتیڤی دیموکراسی واقیعیدا، دەبێت بخرێتە لاوە، لە ئێستادا کە عێراق بە قۆناغێکی تایبەتدا گوزەردەکات، کە پیادەکردنی دیموکراسی رەنگە قورس و گران بێت، رەنگە ئەم دیموکراسی تەوافقیە مۆدیلێکی شیاو بێت.

عێراقێك مۆزایکێکی ناهۆمۆجین و ئاڵۆزی هەیە لەڕووی تائیفی و مەزهەبی و ئیتینکیەوە، سەرەڕای تایبەتمەندی جوگرافی و تۆبۆگرافیاکەی، سەرەڕای چەندین کێشەی مێژوویی و کولتووری، سەرەڕای چەندین کێشەی سیاسی و نەتەوەیی.

رەنگە ئاسان نەبێت لە ئێستادا مۆدێلێکی تەواو دیموکراسی، بە پێوەری کۆمەڵگا و سیستمێکی ئەوروپی، یان ئەسکەندەنافی و ئەمریکایی بەبەردا ببڕێت.

عێراق کە خاوەنی دوو پێکهاتە و ئیتینکی سەرەکییە (عەرەب-

کورد)، خاوەنی دوو پێکهاتەی تائیفی و مەزهەبیشە (شیعە و سوننە)، کەواتە خاوەنی سێ پێکهاتە سیاسی (کورد، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە)یە، سەرەڕای کەمینەی تورکمان، ئاشووری، کلدانی، مەسیحی، یەزیدی، شەبەك، ئەرمەنی و فارسی)یە.

لەگەڵ ئەوەشدا خودی سیستەمەکە گیرۆدەی هەزاران گرفتی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە .

گەر سەیری مێژوی سیاسیی دروستبوونی عێراق بکەین، هەر لەساڵی (1920)ـەوە ئەم سیستەمە لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن کەمینەی سوننەوە بەڕێوەچووە و بەتەنها یەکجاریش نە بە دیموکراسی، نە بە تەوافق ئەو مافە بە شیعەی زۆرینە و و بە کورد ڕەوا نەبینراوە و دوور و نزیك بەشداربن لەم سیستەمە سیاسیەدا، بگرە هەمیشە و هەمیشە سوننە حاکمی یەکەم وئاخیری عێراق بوون.

جیا لـەوەی کۆی سیستمی سیاسی وڵاتیان بەدەستەبووە، هەموو پنتە ئابوورییەکانیشان بۆ خۆیان پاوانکردووە، واتا هاووڵاتیانی شیعە و کورد، هەمیشە هەستیان بەوە کردووە کە لە عێراقدا هاوڵاتی پلە دوون.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی سوننە لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەی حوکمی خۆیدا، بۆ ڕێگرتن لە دیموکراسی ڕاستەقینە و ماف و ئیمتیازی لایەنەکانی تر (شیعە و کورد) زۆرزانانە، جارێك لەگەل شیعە مامەڵەی ئەنتی مەزهەبی کردووە و چەوساندونیەتەوە، جارێکیش وەکو ئەنتی ئیتنیك لەگەڵ کورد، مامەڵەی کردووە پەراوێزی خستووە و ڕەشەکوژیی کردون.

بۆیە ئەم فۆرمە لە عێراقدا، هەرگیز نەیهێشت دیموکراسی گەشەبکات و هەر فۆرمێکی تریش لەم شێوەیەدا خۆی خستەبێتەڕوو، یان بە دەستی دەرەکی ئەنتی سوننە، یان بە خیانەتکار و ئەنتی نەتەوەیی عەرەب حسابی بۆ کراوە، کە دیارە یەکەمیان مەبەستی شیعەیە و دووەمیان مەبەست لە کورد بووە.

بەڵام زۆر جار بۆ چەواشەکاریی جیهانی دەرەوە، لە عێراقدا دەستوور نـوسراوەتـەوە و هەڵبژاردن کـراوە، کە سـەدام حسێن (99.9%) دەنگەکانی مسۆگەر کردبوو.

بـەڵام هەموو کـەس دەیـزانـی ئـەوە سیناریۆیە و بەناوی هەڵبژاردنەوە کراوە، بەڵام کەس نەبوو بڵێت ئەمە گاڵتەکردنە بە دیموکراسی .

بێگومان بەعس و سیستمە سیاسیەکانی پێش بەعسیش، هەرگیز نەیانهێشت عێراقییەکان ئاشنا بن بە دیموکراسی و پراکتیزەکردنی، کە دەکرا لە ماوەی هەشتا ساڵی رابـردوودا، ئەم پرۆسەیە هێدی هێدی بەڕێوەبچوایە، تا بۆ ئێستا گەشەی بکردایە و خەڵك بە ماف و ئەرکەکانیان ئاشنابوونایە، بەڵام سەرئەنجام بە رووخانی سیستمی سیاسی بەعسی تۆتالیتار و میلیتاریست، ئەم دوو مۆدێلە لە حوکمی عێراق کۆتاییان پێهات و تاکە ئەڵتەرناتیڤ کە خواستی زۆرینەی لایەنە سیاسی عێراقییەکانیان بوو، کە ئەویش دیموکراسی بوو، شوێنی گرتەوە .

ئەگەرچی چەمکی (دیموکراسی تەوافقی) بۆ کۆی گشتی دیموکراسی زیادکرا، بەڵام رەنگە مۆدێلێکی باش بێت، بەو دەلیلەی گەر ئەم دیموکراسییە تەوافقی نەبێت، رەنگە هەمان مۆدێلی سیستمی سیاسی هەشتا ساڵی رابردووی سوننە لەعێراقدا پەیڕەو

بکرێت، بەڵام ئەم جارە سیستمی سیاسی زۆرینەی شیعە کۆنترۆڵی بکات، بەو پێیەی زۆرینەی عێراق پێکدەهێنێت، بەلایەنی کەمەوە (5-%860)، ئەوکات هەرسێ سەرۆکایەتی (کۆمار، پەرلەمان، حکومەت) کە ئێستا هەریەکەیان بەدەستی یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی (کورد، سوننە، شیعە)وە بوون، بەدەستی زۆرینەی شیعەوە بوایە، بەڵام ئێستا لە سایەی ئەم مۆدێلە لە تەوافق دەسەڵاتەکان دابەشکراون و تاڕادەیەکی باش توانیویەتی خزمەتی دیموکراسی بکات و پێکهاتە ناهۆمۆجین و دژەکان لێك نزیکبکاتەوە .

بێگومان ئەم مۆدێلە (دیموکراسی تەوافقی) سەرەڕای خاڵە نێگەتیڤەکانی، گەر هیچی نەکردبێت لانی کەم لایەنە ناکۆکەکانی لەناو پەرلەمان و حکومەتدا کۆکردوەتەوە، لانی کەم بڕوای بە هەرسێ لا کردووە کە دەبێت یەکتری قبوڵبکەن، لانی کەم خوێنڕشتن و تۆتالیتاریەتی کەمکردوەتەوە، ئەو هەژموونەگەرییەی شیعە و سوننەی کەمکردۆەتەوە، کە هەرکامیان عێراق بە تەنها بە موڵکی خۆی بزانێت.

ئەوەشی کە پێیوایە ئەم جۆرە لە مۆدێلی دیموکراسیدا، رێگرتنە لە راوبۆچونی بەرامبەر، رەنگە تاڕادەیەك راستی تێدابێت، بەڵام هەرگیز لەم مۆدێلەدا، بەیەکجاری مافی بەرامبەر پێشێلناکرێت، رەنگە باشترین مۆدیل (عێراق و لوبنان) بن لە دیموکراسی توافقیدا، کە رەنگە زۆر باشیش چووبنە پێش و توانیویانە خزمەت بە پرۆسێسی سیاسی و ئازادی راگەیاندن وبڵاوکردنەوە و هەڵبژاردن بکات.

ئەگەرچی رەنگە لایەنێکی زۆرینە، خەون بەوەوە ببینێ کە کەمینە بسڕێتەوە، بەڵام ئەو کات ئەو مۆدێلە خۆی لە دیموکراسی و ئازادەوە دەگۆڕێت بۆ تۆتالیتار و داپڵۆسێنەر، ئەوەش روونە کەم جۆری رێگا بە سادەترین مافی بەرامبەر نادرێت نەك کەمینە.

له وڵاتیکی وەکو میسردا قیبتییەکان هیچ مافێکی سادەیان نییە، لە مەغریب خەڵکی بیابانی خۆرئاوا، لە ئێران کوردەکان، بێبەشن لە هەموو پرۆسەیەکی وەها، چونکە سیستمی سیاسی هەموو مافێك بۆ خۆی به رەوا دەبینێ، لە هیچ کوێی ئەم سیستمەدا جێگایەك بۆ کەمینەکان و هاوڵاتی بەرامبەر نامێنێت، کە دەرئەنجامی هەموو ئەم سیستمە سیاسیانە لە مێژوودا، رووخان و لەناوچوون و هەڵوەشاندنەوە بووە.

سەبارەت بەوەش کە هەندێ لایەن پێیان وایە ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوە و ئاین و مەزهەبن، پەنا بۆ ئەم جۆرە لە دیموکراسی دەبن راست نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری پەیوەستە بە عەقڵەیەتی تاکی ئەو کۆمەڵگایانە، یان بە گروپە سیاسییەکانەوە، ئەگەر نا، لە وڵاتێکی وەکو هندستان، کە وڵاتێکە پێکهاتە دینی و مەزهەبی و ئیتنکی و زمان و نەتەوەکانی لە هیچ دونیادا وێنەی نییە، بەڵام دیموکراسی لەم وڵاتەدا، دیموکراسی تەوافقی نییە، بەڵکو مۆدێلێکە زۆر نزیکە لە مۆدێلی ئەوروپییەوە و هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسی ئازادانە بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەسەر شێوازی فیدراڵی.

کەچی لە عێراقدا، بەهۆی جیاوازیی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەوە، بەدیاریکراوی ئەوە یەکە ئێستا لە واقیعی حاڵدا دەیبینین، دیموکراسی تەوافقی لەنێوان (کورد-شیعە-سوننە) بەڕێوەدەچێت و تاڕادەیەکیش توانیوشیەتی سەرکەوتوو بێت.

کەچی لە وڵاتانی ئەوروپادا، شتێك نەماوە بەناوی جیاوازی نەتەوە و ئایین و مەزهەب لە ناوپرۆسەی دیموکراسیدا،

ئەوەش بەو دەلیلەی کە لای ئەوان، لیبراڵیزم شوێنی بە هەموو چەمکەکانی تر لێژکردوە، بە واتایەکی تر لە وڵاتانی خۆرئاواییدا، تاك وهاووڵاتی سەرچاوەی هەموو شتێکن، نەك ئایین و نەتەوە، ئەوەشە وایکردووە کە چەمکی هاووڵاتیبوون ببێتە پێوەر لەناو ئەو سیستمە سیاسییانەدا.

هەر لەبەرئەوەشە، لەناو ئەو مۆدێلە لە دیموکراسیدا، تاك دەنگ بە بەرنامە و پرۆژە و خزمەتگوزاری دەدات و گوێ بە ئایین و رەنگ و زمان و مەزهەب نادات، دەبینین سەرکەوتوترینن و ئیدی تاکی خۆرئاوایی دەمێکە رزگاریبووە لەو کۆت و پەیوەندانەی کە مەزهەب و نەتەوە و ئایین بۆ تاکیان دروستکردووە و تاڕادەیەکیش فکری هاوڵاتی، تووشی دواکەوتوویی و توندوتیژی و ناواقیعی کردووە .

بەڵام لەم سیستمە سیاسیانەی خۆرهەڵات و عێراقدا، تاك هێشتا تا بێ ئەندازە، پەیوەستە بە مەسەلە مەزهەبی و ئیتینکیەکانەوە.

کە زۆر جار دەبێتە رێگر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگاش، بێگومان هەر ئەوەشە تا ئێستا کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق هەبووە، تاك ئەوەندەی باکگراوەندی حزبی سیاسی دەخوێنێتەوە، ئەوەندەی گوێی نەداوە بە پڕۆژەی مەدەنی و مۆدێرن و خزمەتگوزاری، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی (2005) دا لە عێراقدا، بە ئاشکرا هەستمانپێکرد کە ئەو لایەنانەی مەرجەعیەتی مەزهەبی پشتیوانی لێکردن، زۆرترین دەنگیان هێنا، ئەگەرچی خەریکە ئەم مۆدێلە لە عێراقیشدا کاڵ ببێتەوە، بەڵام هێشتا رەنگ و بۆنی ماوە، چونکە دیموکراسی هێشتا پچوکتر و لاوازتـرە لە چەمکی مەزهەب و ئیتینك لای گەلانی عێراق،

بەڵام پێدەچێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی عێراق و رەفاهیەت و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و بەرقەرابوونی ئاشتی و ئارامی دیموکراسی راستەقینە، شوێنی دیموکراسی تەوافقی بگرێتەوە و هەموو چەمکەکانی تر بچنە لاوە.

لەباری ئەو بۆچوونەش کە دەڵێت ئایا دیموکراسی تاچەند مافی هەموو لایەك دەپارێزێت، رەنگە لەم قۆناغەدا بتوانێت تارادەیەك مافی هاوڵاتی عێراقی دابینبکات.

بەڵام تا ئەو کاتەی شیعە چاوی لەوەبێت کە زۆرینەیە و سوننە و کورد بونەتە شەریکی، تاك ئەو کاتەی سوننە خۆی بە خاوەنی عێراق بزانێت و تاکی کورد واهەستبکات گشت خەونەکانی بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەستدەکەوێت، بێگومان تاك هەست بە دابینکردنی مافەکانی ناکات، لەلایەکی ترەوە، تاکەی حیزبی سیاسی عێراقی، تەنها بەرژەوەندی حزبەکەی بە پێوەر بگرێت، ناتوانی ئەوە بخولقێنێت، کە تاك هەست بە ماف و ئەرك دەکات.

تاك دەبێت هەستبکات ئازادە و مافەکانی خۆی لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بۆ دابینکراوە، دەبێف مافی سەفەر و خوێندن و چونەدەرەوە و خۆشگوزەرانی و مافی سیاسی و سەربەست بۆ دابینبکرێت.

تاك دەبێت دەخلی ساڵانەی باش بێت، تا ژیانێکی خۆشگوزەرانی هەبێت، دەبێت تاك لە بواری پرۆسەی خوێندن و تەندروستی و زانکۆ و پەیمانگاکاندا هەست بە ئارامی بکات، دەبێت تاك هەست بکات، هاوڵاتی پلە یەکە و وەکو هەر تاکێکی وڵاتێکی مۆدێرن و دیموکراسی رێزی لێدەگرێت، تابتوانێت هەست بە تاکبوونی خۆی

بکات، هەست بە مافی هاوڵاتیبوون بکات، دیموکراسی تەوافقی لە عێراقدا، دەبێ ماوەیەکی زەمەنی پیادەبکرێت، دوا جار دەبێ عێراق یان بکرێتە سێ دەوڵەتی جیاواز، یان دەبێت تاك هەست بکات کە عێراقییە و ئەوە لە زیهینەتیدا دەربکرێت، کە ئەوە کوردە، یان شیعە و سوننەیە.

ئەگەر لەسەر ئەم مۆدێلە بێت ناتوانێت هەست بە ئارامی بکات، دەبێت سیستمی سیاسی عێراق، هەیکەل و پێکهاتەی ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت.

دواین قسە ئەوەیە عێراق هەشتا ساڵ لەلایەن سیستمێکی سیاسی تۆتالیتارەوە بەڕێوەدەچوو، بۆیە ئاسان نییە لە ئێستادا فۆرمی دیموکراسی تەوافقی، بتوانێت شوێنی پرۆسەی دیموکراسی بگرێتەوە، بەڵام دەتوانێت هەنگاوێك بێ بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و سیستمێکی سیکۆلار و ئازاد.

دەکرێت درێژەبدرێت بە سیستمی حزبی و فرەمینەر و جیاواز، تا هەرگیز رێگەنەدرێت، جارێکی تر عێراق لەلایەن گروپێکی سیاسی، یان کەسێکەوە مۆنۆپۆڵ بکرێت و سیستمی تاکڕەوی و مەرکەزی بەهێز بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە عێراقێکی فیدراڵی، کە دیموکراسی تێیدا بەرقەرار بێت و مافی تاك پارێزراو بێت .

دەبێ لایەنە سیاسیەکان خۆیان لەوە بەدووربگرن، کە مەرجەع بکەنە بڕیاردەر و دەبێت هەستی شۆڤێنیزم و راسیزمانە کۆتایی پێبێت.

دەبێت هەموو پێکهاتەکانی رێکبن لەسەر ئەوەی تاکە فاکتەر، کە دەتوانێت عێراقیکی ئارام و سەرکەوتوو بونیادبنێت... عێراقێکی دیموکراسییە.